YEKBUN

# یەکبوون

UNITED کوردستان KURDISTAN

کوردستان یەک نیشتمان و کورد یەک نەتەوەیە و دابەشکراوە

March : 2013 یەکبوون ژمارە : ٣٦ خاکەلێوەی ٢٧١٣




## ساڵی نوێ و جێژنی نەتەوایەتی نەورۆزتان پیرۆز بێ

## NEWROZTN PIROZ BE

## HAPPY NEWROZ

لەم ژمارەیەدا:


* نەورۆز ..................... ویکیپیدیا..................... لاپەرەی ..................... ٢
* نەورۆز لە شێعری شاعیرانی کورد دا ..................... ویکیپیدا..................... لاپەرەی..................... ٤
* ڕەوتی نەتەوەخوازی کورد لە ئێران ................. د.عەبدوڵڵا ئەبریشەمی ............ ..... لاپەرەی ...................٦
* هەڵەبجە لە خانەی لە بیرچوونەوە دا ............ئەندازیار عومەر عنایەتی هەڵەبجەیی .............. لاپەرەی .......... ٩
* لە سێدارەدانمان لە هەخامەنشیەکانەوە تا کۆماری ئیسلامی ئێران............ نووسینی هۆمەر ........... لاپەرەی ...............١٠
* مێژووی ٨ی مارس ڕۆژی ژنان و گرینگی ئەو ڕۆژە بۆ کۆمەڵگای کوردستان ............ ئاریتما موحەممەدی ............ لاپەرەی..... ١٥
* ساواک بۆ حەسەن زیرەکی کوشت................ مەولود ئیبراهیم حەسەن ................ ...... لاپەرەی ................ ١٧
* ئەحمەدی خانی ................................ ویکیپیدیا .................... لاپەرەی................ ١٩
* ڕۆژژمێری مانگی خاکەلێوەی ٢٧١٣ی کوردی .......... ئامادە کردنی ڕەحمان نەقشی ............ لاپەرە ٢٠



سەرچاوە Serchawe

# نەورۆز

لە ویکیپیدیا، ئینسایکڵۆپیدیای ئازاد

**نەورۆز** داب و نەریتێکی زۆر کۆن و دێرینە کە لە لایەن کورد و فارس و...هتد، بە شێوەی جۆربەجۆر پەیڕەو دەکرێت. ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ کەونارایەکی پێش لە مێژوو. هەندێ کەس بە هەڵە پێیان وایە زاڵبوونی کاوە بەسەر زوحاک سەرچاوەی نەورۆزە. بەڵام نەورۆز زۆر لە ئەفسانەی زوحاکیش کۆنترە. شارەزایانی نەورۆز، بڕوایان وایە جەمشێد کە یەکێک لە پاشاکانی پێشدادییەکان بووە، نەورۆزی داهێناوە. ژیانی ئەو پاشایانە لە ئەفسانە بەدەر نییە و بەسەرهاتەکانیان زۆر خەیاڵین و سەردەمەکەشیان پێش لە چاخی مێژووە. کەوا بێت بنەمای نەورۆز دەگەڕێتەوە بۆ چاخە دێرینەکان.



کەونارابییەکان پێیان وا بووە کە لە مانگی نەورۆزدا "گیانە پاکەکان" سەردانی کەس و کارەکانیان لەسەر زەوی دەکەنەوە و ئاگر هەڵدەکەن و " خوانی حەوت سین" دەچنن و بەدەوریدا دادەنیشن. بۆیە چەند ڕۆژێک پێش لە هاتنی نەورۆز، خەڵک دەست دەکەن بە تەکاندنی کەلوپەل و ناو ماڵیان و جلی نوێ لەبەر دەکەن و بە ئاگر هەڵکردنەوە دەچنە پێشوازی نەورۆز. دیارە نەورۆز لە ناوچە جۆربەجۆرەکاندا بە شێوەی جیاواز ئەنجام دەدرێت و داب و نەریتەکانی نەورۆز لای گەلانی ناوچەکەش جیاوازیی هەیە.

جەژنی نەورۆز پێشینەیەکی دوورودرێژی هەیە و کۆنترین جەژنی مرۆڤە لە سەر زەوی. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەو بوارەدا کراون، کۆنترین مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی، ئەو کاتەی کە لە ئەشکەوتەکاندا ژیاون، ڕۆژی یەکەمی بەهاریان کردووە بە جەژن. دکتور مەولوود ئیبراهیم حەسەن لە وتارێکی تێر و تەسەلدا بە وردی چووەتە سەر بنج و بناوانی مێژووەوە و بەڵگە دێنێتەوە لەسەر ئەوەی کە ئەو جەژنە هەمان جەژنی (تەمووز و عەشتار)ە، کە سۆمەرییەکان پێش ئەوەی لە ئەشکەوتەکانی کوردستان بێنە دەر و بەرەو خواروی وڵاتی عێراقی ئێستا داگەڕێن، ئەو جەژنەیان بەڕێوە بردووە.

## ئاگر سومبوڵی نەورۆز لای کوردان

نەورۆز تێکەڵ بووە بە کۆمەڵێک ئەفسانەی سەیر و سەمەرە. لە ئێرانی کۆندا لە یەکەم ڕۆژی بەهاردا واتە ڕۆژی نەورۆز، پاشای وڵات دەرگای خستووەتە سەر پشت بۆ دیدار لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەیدا و ڕۆژەکانی تەرخان کردووە بۆ چاو پێکەوتنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا. هەر لەو ڕۆژەشدا خەڵات و دیاری پێشکەش بە دەست و پێوەندەکانی کردووە و دیارییشی لێیان وەرگرتووە.
هۆنەری فارس، فیردەوسی دانەری پەرتووکی شانامە، بنەچەی نەورۆز دەباتەوە سەر کۆنە ئەفسانەیەکی بێ بنەما، واتە ئەفسانەی کاوە و زوحاک. ئەوەی فیردەوسی باسی دەکات هیچ بنەمایەکی مێژوویی نییە. دیارە زوحاک یان (ئاستیاگ) هەبووە و دوایین پاشای مادەکان بووە. بەڵام نەوەک ئەو جۆرەی کە فیردەوسی باسی دەکات. ئاخر فیردەوسی وەکوو کابرایەکی خوێنخۆری مار لەشانی زاڵم باسی دەکات کە دەبوو هەموو ڕۆژێ مێشکی دوو گەنجی دەرخوارد بدەن. هەر بۆیە کاوەی ئاسنگەر لێی یاخی دەبێت و شۆڕشێکی لە دژی بەرپا دەکات و تەخت و بەختی لێ وەردەگێڕێ. لە حاڵێکدا هەر لەو وتارە بەڵگەمەندەی د.مەولوود ئیبراهیم حەسەندا هاتووە، کە ئاستیاگ دوایین پاشای مادەکان، نەک زاڵم و شێت نەبووە بەڵکو پیاوێکی تا بڵێی ڕووخۆش بووە. بەڵام مێژووی پەیوەندیدار بەو کابرایە تەواو پێچەوانە و شێوێندراوە. بە ڕای من، سەرکەوتنی هەخامنشییەکان، بەسەر دەوڵەتی ماددا و کۆتاییهاتنی تەمەنی یەکەمین دەسەڵاتی کوردی و سەرکەوتنی تیرەیەکی فارس و دامەزراندنی دەوڵەت لە لایەن ئەوانەوە، بووەتە هۆی ئەوەی کە لە کۆنەستی فارسەکان بە گشتی و لە نەستی کەسێکی وەک فیردەوسیدا بە تایبەتی، ئەفسانەیەکی لەو جۆرە بیچم بگرێت (وێنا بکرێت) و ڕوخساری ئەو دوژمنەی پێ ناشیرین و بکرێت.
دەڵێن: ڕۆژێک منداڵێک لە باوکی دەپرسێ: باوکە ڕوخساری شەیتان لەو وێنەیەدا بۆچی ئەوەندە ناشیرین و دزێوە؟ باوکەکەی دەڵێ: چونکە ئەو وێنە بە دەستی دۆستەکانی شەیتان نەکێشراوە. ئەوەی ڕاستی بێت مێژووی کوردیش هەتا ئێستا خۆی نەینووسیوەتەوە، بۆیە جگە لە لایەنی کەم و کووڕی شتێکی ئەوتۆمان لە مێژووی کۆن لەبەردەست دا نییە کە مۆرکی خۆمانی پێوە بێت. تەنانەت ئەو بۆنە پیرۆز و جێگە شانازییانەش کە هەمانبوون، بە جۆرێک مۆرکە کوردییەکەیان لێ سڕیونەتەوە و بە ناو نەتەوە و گەلانی باڵادەستەوە کراون، بۆ ئەوەی ئێمە شتێکمان نەبێت کە وەک پاڵپشت و بەڵگەی مێژوویی پاڵی پێوە بدەین. ئێستا کە بە پێی بەڵگە مێژووییەکانیش دەرکەوتووە کە نەورۆز جەژنێکی تەواو کوردییە و لە کوردستانەوە بە وڵاتان و ناوچەکانی دیکەی دەورووبەرماندا بڵاو بووەتەوە، هێشتا وەک پێویست دەڵێی لە ڕوومان هەڵنایەت ڕاشکاوانە بڵێین ئەو جەژنە جەژنێکی ڕەسەن کوردییە. ئێستاش لە کۆنەستی (هزری) ئێمەدا ئەو ڕۆژە ڕۆژی سەرکەوتنی (کاوەی ئاسنگەر)ە بە سەر زوحاکی مار لەشاندا. لە حاڵێکدا ئەوە هیچ بنەمایەکی مێژوویی نییە ئەفسانەیەکی سازکراوە. ئەگەر واشی دانێین کاوەیەک بووبێت و تەخت و بەختی زوحاکی "ماد"ی وەرگێڕابێت، ئەوا کورد چۆن شانازی دەکات بە کەسێکەوە کە کۆتایی بە یەکەمین دەسەڵاتی کورد هێناوە و دواتریش گەڕاوە بە قسەی فیردەوسی بە شاخ و کێواندا و لەوێ "فەرەیدوون"ی دۆزیوەتەوە و کردوویەتی بە پاشا. فەرەیدوونیش

کورد نەبووە. ئەگەر وای دانێین کاوەیەکیش لە گۆڕێدا بووبێت (هەبوو بێت) و کورد بووبێت، ئەوا کاوە خۆفرۆشێکی خەیانەتکار بووە و مێژووش پڕە لەو جۆرە کەسانە کە بەداخەوە شانسیان گرتوویەتی و دواتر بە پێچەوانەوە ناویان بە چاکە ڕۆیشتووە.

## نوێ ڕۆژ یان نەورۆز لە کوردەوارییەکەی خۆماندا

لە کەس شاراوە نییە کە کورد هەر لە بنەچەکدا (بنێرا)، گەلێکی ئاژەڵدار بووە و بە دەم ئاژەڵداریشەوە کشتوکاڵیشی کردووە. کەوابوو گەڕیانی وەرزەکانی و گۆڕانە وەرزییەکان، لە ژیانی ئەو گەلەدا گرینگی تایبەت بە خۆی هەبووە. بە تایبەتی کوردستان نیشتمانێکی کوێستانییە و وەرزی زستان لە کۆندا تەمەنێکی درێژتر لە ئێستای هەبووە و ئێستاش پیاوە بەتەمەنەکانی کورد باشیان لەبیرە کە جاری جاران (ساڵی ساڵان) بەفرێکی قورس دەباری و جار هەبووە هەتا دوو مانگ لە بەهاریش تێپەڕیوە و بەفر هەر نەتواوەتەوە و زەوی و ڕێ و بانی بەر نەداوە. لەو حاڵەتەدا کوردی ئاژەڵدار دەکەوێتە تەنگژەی بێ تفاقی و بێ ئازوقەیەیی (ئاوردوویی). بە پێی هەموو ئەو هۆکارانە، کە هەم سرووشتی و هەمیش هەرێمییە کورد تەواو بوونی وەرزی تووش و سەرمای (سەرما و سۆڵەی) زستانی کردبێتە جەژن.

ماموستا هێمن موکریانی جەژنی نەورۆز دەباتەوە سەردەمی ئاژەڵداریی کورد و بە تایبەتی پێی وایە ئەو ڕۆژە ڕۆژی مەڕ زایینە. لەو سۆنگەیەوە کە مەڕداری کورد ڕانە مەڕەکەی لەو ڕۆژەدا دەزێ بۆیە ڕۆژەکەی کردووەتە جەژن.
لە مێژووی جەژنە ئێرانییەکاندا جەژنێکیش هەیە بە ناوی جەژنی مێهرەگان. ئەو جەژنە یەکەم ڕۆژی پاییز بووە. مەڕدار لەو ڕۆژەدا بەرانیان لە مێگەل بەرداوە. واتە ئەو ڕۆژە ڕۆژی بەرانگرتنی مەڕ بووە. بۆیە ئەو ڕۆژەش کراوە بە جەژن و بە مێهرەگان ناوی دەرکردووە و ماموستا هێمن لەسەر ئەو باوەڕەیە کە هەر ئەو ناوی جەژنی مێهرەگانە دواتر بووەتە مێهرەجان و بە تایبەتی عەرەبەکان بە زۆربەی جەژن و کۆڕەکانی خۆیان دەڵێن مێهرەجان. بە گشتی مەودای نێوان جەژنی مێهرەجان و جەژنی نەورۆز پێنج مانگە. "مەڕ بە پێنج مانگ دەزێ. پێشینیان دەڵێن بەرخ پاش سەد ڕۆژ ڕووحی وەبەر دێ و مەترسیی بەرئاوێتن کەم دەبێتەوە. جەژنی سەدە کە ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان دەیکەن و پێی دەڵێن "بێلن دانا"، پێوەندیی لەگەڵ ئەم باسە هەیە. دوو مانگ پایز و سێ مانگ زستان دەکاتە پێنج مانگ و لە شەوی یەکەمی بەهاردا زەوی مەڕ دێ و جەژنی هەرە گەورەی مەڕدارە.
بۆچوونەکەی ماموستا هێمن زۆر لە ڕاستییەوە نزیکترە لەو بەناو مێژوونووسانەی کە بە ویستی دەسەڵات مێژوویان بە ئارەزووی خۆیان و ئەربابەکانیان نووسیوەتەوە. پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی میدییەکان، ئەوانەی دێن و سەربردە و مێژوو دەنووسنەوە، دەبێ بەو شێوەیە بینووسنەوە کە دەسەڵات دەفەرموێ. کەوابوو ئەگەر ڕوخسارێکی سامناک لە دوایین پاشای میدییەکان واتە ئاستیاگ پیشان بدەن، شتێکی سەیر نییە. ئەگەر زۆر زۆر دووریش نەگەڕێینەوە و وردبینانە لە مێژووی هاوچەرخی خۆمان بڕوانین و لێی وردبینەوە، دەبینین ئێستاش دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان، چۆن لە هەموو ڕێگەیەکەوە هەوڵ دەدەن ڕوخساری ڕاستەقینەی ئازادیخوازان بخەنە بن پەردەی سەدان ناو ناتۆرەی دزێوەوە. دوور نەڕۆین ئەگەر بۆ مانای وشەی پێشمەرگە بگەڕێینەوە نێو قامووسی بەعسییەکان، پێتانوایە چ پێناسەیەک لە پێشمەرگە کرابێت؟ ئەوە لە سەردەمێکدایە کە ئێمەش ئەگەر هاوسەنگی ئەوانیش دەستمان بە قەڵەم وداموودەزگای ڕاگەیاندن نەگەیشتبێ بۆ وەڵامدانەوەیان، لانیکەم دەرفەتی ئەوەمان هەبووە، لە هەندێ کەناڵەوە حەق بوون و ڕەوا بوونی داواکانمان بۆ خەڵک ڕوون بکەینەوە. جا وەرن سەیری سەردەمێکی کۆنی کۆن بکەن کە کوردی لێقەوماو خاوەنی هیچ خوێندەوارییەک نەبووە و دەسەڵاتدارەکانی زاڵ بەسەر نیشتیمانەکەیدا چۆن دڵیان ویستوویەتی مێژوویان بۆی نووسیوەتەوە. بۆیە ئەفسانەی کاوە و زوحاک تەنیا فێڵێکە لە مێژووی ئێمە کراوە. لانیکەم ئەگەر تەنیا بە مەبەستی ئەوەش بووبێت کە هیچ کات لە ڕوومان هەڵ نەیەت، بە شانازییەوە باسی ئیمپراتۆریەتی میدییەکان بکەین.

## ئاگر وەک هێمایەکی کۆنی کورد

سەرەڕای ئەوەی کە لە هەندێ لە ئەفسانە کۆنەکاندا باس لەوە دەکرێ کە ئەو ڕۆژەی مرۆڤ بۆ یەکەم جار ئاگری تێدا دۆزیوەتەوە، دەکەوێتە کۆتا شەوی زستان و یەکەم ڕۆژی نەورۆز و هەموو ساڵێک ئەو ڕۆژەی وەک ڕۆژێکی ئەگەر نەشڵێین پیرۆز لانیکەم سەیر و سەمەرە سەیر کردووە، بەڵام بە گشتی ئاگر لە باوەڕی کۆنی کوردەواریی خۆماندا هێمایەکی لە مێژینەیە. کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام کوردەکان زەردەشتی بوون. ئەوان ئاگرپەرست نەبوون. بەڵکو ئاگر بەلایانەوە وەک هێمایەکی پیرۆز پارێزراوە.
هەر لە کۆنەوە مرۆڤ کە بیری لە پێکهاتەی جیهان کردووەتەوە، پێی وا بووە کە ئەم جیهانە لە چوار توخم پێک هاتووە:-

1- **خاک**

2- **ئاو**

3- **با**

4- **ئاگر**

سێ دانە لەو چوار توخمە واتە، «خاک و با و ئاو» پیس و ئاڵوودە دەبن. هەر سێکیان هێزی کێش کردنی زەوی ڕایاندەکێشێت. لەو نێوەندەدا ئەوەی نەک پیس و ئاڵوودە نابێت بەڵکو شتە پیسەکانیشی پێ پاکژ دەکەنەوە، ئاگرە. ئاگر لەگەڵ ئەوەدا کە توخمێکی پاکژ کەرەوەیە، هێزی زەویش نەک پەلکێشی ناکات بەرەو خۆی بەڵکو بەردەوام لە هەڵکشاندایە بەرەو ئاسمان. هەر لە کۆنی کۆنیشەوە هەتا ئێستاش کە مرۆڤ پێی وایە خوا لەسەر عەرشی عەزیمە و لە حەوت تەبەقەی ئاسمانەکانە و ئەوەش لە (ڕووداوی میعراجیشدا) باسی دەکرێت، کە بۆ وێنە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بە سواری باڵی (بوراق) بەرەو میعراج دەڕوات، ئەو باوەڕە بە بوونی خوا لە ئاسمان، شتێکی زۆر زۆر کۆنە. هەر بۆیەش هەڵکشانی بەردەوامی ئاگر وەک هێزێکی پاکژکەرەوە بەرەو ئاسمان نیشانەی هەڵچوونی ڕۆحی پاک و بێ خەوش و بێ تاوانە بەرەو سەرچاوەی خۆی واتە خوا.
لە لایەکی دیکەشەوە، یەکێک لە بنەما باوەڕییەکانی ئایینی زەردەشت بوونی دوو هێزی دژ بە یەکە، واتە ئەهریمەن و ئەهورامەزدا. تاریکی هێمای ئەهریمەنە و ڕووناکی هێمای ئەهۆرامەزدایە.
دەبینین، لە نێو چوار توخمە پێکهێنەرەکەی جیهاندا، سێیان تاریکن. تەنیا ئەوەی ڕووناکە، ئاگرە. ئاگریش بەردەوام لەگەڵ تاریکیدا لە شەڕێکی نەبڕاوەدایە. هەروەک ئێستاش دەڵێن: ئەنگوستەچاوترین شەویش «ئەنگوستەچاو واتە: ئەو شەوەی کە ڕووناکی زۆر کەمە یاخود هەر نییە ڕادەی بینینیش بە قەد ئەنگوستێکە (پەنجەیەکە)» ناتوانێ تەنانەت تیشکی مۆمێک بشارێتەوە. ئاگر هێمای شەڕی

سەرچاوە
Serchawe

دەسەڵاتی حەق و ڕاستییە بەسەر تاریکی و دزێویدا. لە شیعری ئەو شاعیرانەشدا کە باری نەتەوەیی و بەرەنگارییان هەیە، ئەوە ڕەنگی داوەتەوە و هەمیشە دەسەڵات بە شەوەزەنگ وەسف کراوە و لایەنی ئازادیخوازیش بە ڕووناکی و مزگێنیدەری ڕووناکی.

بە گشتی بەپێی هەموو هێماکان نەورۆز کۆنترین جەژنی کوردە و لە کوردستانیشەوە بە ناوچەکانی دیکەی ئاسیادا بەتایبەتی بە ناوچەکانی ئێراندا بڵاو بۆتەوە و ئێستا زۆر گەل و نەتەوە هەن، خۆیان بە خاوەنی ئەو جەژنە دەزانن. لەو نێوەدا ئەوەی زیاتر لە هەموویان بە هێما و باوەڕی کۆنەوە لە جەژنی نەورۆزدا بوونی هەیە و مۆرکە مێژوویی و کۆنەکانی کە بە ڕوخساری ئەو جەژنەوە دیارن، کوردە.

# نەورۆز لە شێعری شاعیرانی کورد دا

**نالی:**

تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ
دڵ چونکە میسلی خونچەیە بۆیە دەپشکوێ

**مەولەوی:**

نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن
یا نەشئەی ئامای نامەی نیگارەن

**وەفایی:**

نەسیمی بایی نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هینا
موریدی عاشقان دیسان پەیامی دولبەری هێنا
نەوید ئەی عاشقانی دڵفگار یار هاتە سەر خەندە
سەڵا ئەی بولبولان دیسان درەختی گوڵ بەری هێنا

**حەمدیی ساحێبقران:**

نەورۆزە، جەژنە بۆیە چراغانی عالەمە
یا ئاگرە لە عومری شێتا کوژایەوە
عەرعەر لە لەنجەدایە، لە ڕەقسایە سەرووەکان
بەرگی چەمەن لە ڕەنگی زومڕەد کرایەوە

**قانع:**

هەوای شنەی بای نەسیم دیارە
مەعلوومە وادەی گوڵ و گوڵزارە

**پیرەمێرد:**

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە

**دڵدار:**

گوڵی سوور ئەی کچی نەورۆز ئەرێ کام دەس لەباغی ژین
لەبۆ یەک دەفعە بۆن کردن بەناکامی ئەتۆی هێنا

**حەریق:**

ئەڵێن وا جەژنی نەورۆزە دڵم پڕ ئاتەش و سۆزە
وەرە بۆ جەژنە پیرۆزە بدەم ڕۆحم لەبەر ماوم
وەرە سەر چاوەیی چاوم، دەڵێی دەریای عەممانە
تەماشای ئەشکی گوڵنارم لە سایەی چاوی خوێناوم

**مامۆستا حەقیقی:**

مزگێنی بێ هات ساڵی نوێ
خۆشی دوای خۆشی جوێ بە جوێ
بڵێن بەخت چیدی نەنوێ
ئەستێرەی مەش سەری ناسوێ
وە بیرت دێ چمان دی دوێ
زوو ڕاپەڕن مەبن شلوێ
ئەوا هات پەیکی ئازادی
بە ڕووخۆشی و کەیف و شادی
کۆشێ گوڵی گەشی پێیە
مەعلووم بەشی مەشی پێیە

**حاجی قادری کۆیی:**

ڕۆژتە ئەی بایی نەورۆزی لەبن بەفری گران
کانی پێی سڕ بوو چناریش دەستی چوو پەنجەی تەزی
سونبولی زوڵف و گوڵی ڕوخسار و سەروی قامەتی
مانگی نیسان و گوڵان نەیدی لە نێو باخی وزەوی

**سەید کامیل ئیمامی(ئاوات):**

هەی هەی چ بەهارێکە وەک جەننەتی مەئوایە
وەک بولبولی زار عاشق ئاو بردەیی سەحرایە

**گۆران:**

ئەی نەتەوەی کاوەی زنجیر قەف قەف بڕ
ڕۆژی نەورۆز دای بە هەوری زستان دڕ

## هەژار:

مزگێنی دا بە سروە بای بەهاری
وا هاتەوە نەورۆزی کوردەواری

## هێدی:

جێژنی کۆن و ساڵی تازەی کوردەواری هاتەوە
هاتەوە ئاگری خەباتی ئەو گەلە خۆش کاتەوە
هاتەوە جوانتر لە جاران جێژنی کاوەی قارەمان
شوێنەواری میدیا باپیرە گەورەی کوردەکان

## شێخ نافێع مەزهەر (شپرزە):

شەماڵ لە لووتکەی کێوی نەکەرۆز
هێنایە سەقز پەیامی نەورۆز
وتی ئەم جەژنەی کاوە و فەرەیدوون
لە کوردانی پاک پیرۆز بێ پیرۆز

## ڕەحیم لوقمانی:

ڕۆژ لە ئاسۆی سوور شەوق ئەداتەوە
ئەڵێ ئەمساڵیش نەورۆز هاتەوە..
کەوی دڵداری ئازادی و جوانی
دەروونی کەیلی سۆزی گۆرانی
بەری حەسرەتی دڵ ئەکاتەوە
بانگی پەڕاوپەڕ دەنگ ئەداتەوە
لە سەر قەندیل و شاهۆ و نەکەرۆز
ئەڵێ: گەلی کورد نەورۆزتان پیرۆز

## مەلا عومەر ساڵحی ساحێب (کۆلیل):

بەهارێکم گوڵی شێن هەردەکەم شین
لە "حەوسین"م نراوە ناوی حەو شین
شەل و شێت و شەق و شڕ، شێعر و شیوەن
شەوی تاریکی یەلدای بێ گڕ و تین

## مەلا غەفوور کەسنەزانی:

سەری ساڵە و سەحەر بۆنی عەنبەری
ئەپڕژێنێ لە حەیفی زەهەریری
دەبا بولبول بکا شاباش لە بۆ گوڵ
کە بووکی ئارەزووی هاتن بەپیری

## عبدوڵڵا پەشێو:

ئەمساڵ بێ چیا نەورۆز ناکەم . بێ بۆنی گیا نەورۆز ناکەم .
نەورۆز ناکەم بێ بڵێسەی سووری ئاگر . نەورۆز ناکەم گەر ڕەشبەڵەک تۆز نەکات وبەخۆم نەبمە سەرچۆپیگر .

## مەلا کەریمی زاری:

سەبا هەستە لە خەو نەورۆز واهات
بڵێ با لەشکری زستان بڕوات
بەسە جەور و جەفای بەهمەن و دەی
لە دڵ سەبر و لە تەن خۆ گیان دەرهات
بە سەرمانا کڕێوەی بەفر تاکەی
بدات و داپۆشێ شار و دێهات
هەتا کەی تەم بەری خورشێد بگرێ
لە ڕووناکی بەری بن هەردو باغات..
لە بەندیخانەکەی دەردێ گوڵاڵە؟
ئیلاهی تا بولبول بگات بە ئاوات
بە ئاوی شەونمت پێویستە سەوزە
سەر و زڵف و دەم و چاوێک بشوات
سەبا بێ دێرە نازانی کە "زاری"
لە جەوری بەهمەن و دەی چی بە سەر هات؟

## دەروێش فەهیمی:

دوێنێ شاخ سەری هەڵبڕی:
ئەمڕۆ سینگی گوڵلەم دڕی
لەشم کێڵگەی ئەرغەوانە
دێتە دەرێ نەورۆزانە

## موحەممەد ساڵەح سووزەنی:

بەهارە، جێژنە، ڕۆژی پێکەنینە
بەهار گۆوەندی ئاسمان و زەمینە
ئەوا جێژنی سەری ساڵ و سروشتە
زەماوەندی گوڵانە، هەڵپەڕینە
وەرە ئەی دڵبەرم خۆت دامەشارە
کە ئەمڕۆ ڕۆژی دڵداری و ئەوینە..

## سەعید نەجاری (ئاسۆ):

بووکی بەهار ڕازایەوە سروشت پڕ پڕ لە جوانیە
دەنگی شەتاو جریوەی مەل بەسۆزترین گۆرانیە
لە گڤەی باڵی تەیری مەست مەلی خەیاڵ ڕادەچڵەکێ
لە هەرچی دەڕوانی جوانە چی دیمەنە نەهەر یەکێ

## ئەمین گەردیگلانی:

بە زەبری مشتی تیشکی خۆر شکا پشتی ڕنوو ئەمڕۆ
شنەی با دایڕنی کفنی سڕی داران بەفوو ئەمڕۆ
چلوورە و بەستەڵەک پاکی بەجارێ تەفرو توونا بوون
عەتر دەڕژێ لە ئاسمان و نەما باوی کولوو ئەمڕۆ

### حەسەن ئەمینی:

دژ کردەوە
بە بەژنی بەرزی تابلۆیەک
ڕەنگێ هەرە ڕەشیان بڕی
بێ سێ و دوو
شەوی نەخشاند
ڕەنگی سووریان لە سەرڕێژان
سوور یادێ بوو لە شەهیدان
ڕەنگی سەوزیان لە سەرڕۆ کرد
سەرهەڵدان بوو و بووژانەوە
رقیان هەستاو چوون بۆ سپی
وتی حاشا
شەڕو ئاشتی..
چارە ملی
ئاگریان دا
بەرز و پیرۆز
تابلۆیەتر بوو بە نەورۆز.

### ژیلا حسەینی:

وا نەورۆز دێ و شاخ، دارستان دائەسپارێ
کانی و ڕووبار وەک ساڵی پار
گوڵاڵەکان بکەن بە ئەڵقەو ملوانک بۆ مل کۆسار
زۆر بەپڕتاو نامەی دڵداری ئەنێرێ بۆلای هەتاو
دەستی بەسەرخاکدا دێنێ
بە هێمنی ئەیدوێنێ

### مەلا ڕەحمان ئاوارە:

یادگاری چەکوشی کاوەیە نەورۆز
قەڵای زوحاکی کرد بە تەپ و تۆز
ئاوری تۆڵەیە، بۆکوردەواری
لە ڕەش و ڕووتی کودستان پیرۆز

### سەرچاوەکان

زانستپەروەرانی کورد
ماڵپەڕی نیشتمان
ماڵپەڕی پیرەهەڵۆ


# ڕەوتی نەتەوەخوازیی کورد لە ئێران

د. عەبدوڵڵا ئەبریشەمی

[بەشی یەکەم]

### ١. چەمکی نەتەوەخوازی (ناسیۆنالیزم)

دامەزراندنی "دەوڵەت- نەتەوە" لە وەڵات/ country، بە سەرەکی ترین چەمکی نەتەوەخوازی ناسراوە. هەڵبەت خۆشەویستی تۆرەمە، گەل، نیشتمان، وەڵات، دەسەڵات و... هەڵوێستێکی سەرەتایین.



ئەوەش ڕوونە کە لە سەردەمی کۆندا دەسەڵات تایبەت بە "بنەماڵە"کان بوو. "خەڵک" لە دەسەڵاتی حکومەتیدا بەشدار نەبوون. بە پێکهاتنی دەوڵەت- نەتەوە، دەسەڵات بە "ناو" کەوتە دەستی نەتەوە (جەماوەرێک بە پێناسەی تایبەت). بەڵام ئەم ڕەوتە - لە زۆر وەڵاتان- پێکهێنەری دەسەڵاتی ڕەگەزپەرستانەی لێکەوتۆتەوە: گەلانێک کە خاوەنی پێناسەی تایبەت بە نەتەوەی باڵادەست نەبن، ناتوانن خاوەنی دەسەڵاتی چارەنووسی خۆیان بن.

لەلایەکی دیکەش چ وەڵاتێک نییە کە تەنیا "نیشتمانی" نەتەوەیەکی تایبەت بێ. بۆیە دەبی بڵێین: دەوڵەت- نەتەوە، سەرەنجام ڕەوتیکی نادیموکراتیکی لێدەکەوێتەوە و باشترە "دەوڵەت- سیتیزێن" (هاووەڵاتی/ شاروەند یان شارومەند)، جێگای دەوڵەت نەتەوە بکرێتە. بەڵام نەتەوەخوازی بۆ ڕزگاریی گەلانی ژێردەستی دەوڵەت- نەتەوەی ڕەگەزپەرست، ڕەواترین چەمکی خەباتە.

### ٢. نەتەوەخوازی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست

لە سەرەتای سەدەی بیستەم نەتەوەخوازی باڵی بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کێشابوو. کەسانێکی هەڵکەوتوو لە گەلانی خاوەن دەسەڵاتی ئیمپراتوری وەتمانی (عوسمانی) و ئێران کە بە ئاواتی دامەزراندنی دەوڵەت- نەتەوەی تایبەت بە گەلی باڵادەست بوون، دەسەڵاتێکی ڕەگەزپەرستیانەیان دامەزراند.

بەرهەمی بەندی ٢: لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێکهاتنی دەوڵەت- نەتەوە، دەسەڵاتی ڕەگەزپەرستانەی لێکەوتۆتەوە.

### ٣. ڕەوتی مێژوویی دابەشبوونی کوردستان و هەڵوێستی گەلی کورد

ئ) لە سەرەتای سەدەی ١٦ کوردستان- کە بریتی بوو لە کۆمەڵێک میرنشینی جیاجیا- لەلایەن دوو زلهێزی وەتمانی و سەفەوی بەشکرا. بەڵام بەو حاڵەش تا ئاخریەکانی سەدەی ١٩ پتری ناوچە کوردییەکان خاوەن میر و دەسەڵاتی نێوخۆیی بوون.

ب) لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی زۆرتری گەلانی بێدەسەڵات مافی چارەنووسی خۆیان وەدەستهێنا بەڵام کوردستانی ژێردەسەڵاتی وەتمانی دیسان دابەشکرایەوە. لە دابەشکردنی دواییدا بە ڕاشکاوی مافی چارەنووسی گەلی کورد پێشێل کرا. لە پڕۆژەی ئەو ماف زەوتکردنە پڕ لە فێڵ و تەڵەکەیەدا هێزی دەرەکی پتر لە خۆی کورد، تاوانبارن. دەوڵەتی ئینگلیس و هاوپەیمانەکانی لەو هەلومەرجەدا وێڕای تورکە ڕەگەزپەرستەکان، قەوارەی جوغرافیایی و سیاسی ئەم وەڵاتە نوێیانەیان دارشت. ئەوان بە کردەوەیەکی نادیموکراتیک، کوردستانی ژێردەستی وەتمانی‌یان لە نێوان سێ دەوڵەتی تازەپێکهاتووی تورکیا، عێراق و سوریە بەشکرد و ڕەگەزپەرستانی تورک و عەرەب دەسەڵاتیان بەدەستەوەگرت. بەو چەشنە لەنێو ئەم وەڵاتە تازەپێکهاتوانەدا گەلی کورد ئاستی "کەمینە"ی پێدرا. دەحاڵێکدا نفووسی جەماوەری کوردی ژێردەستی ئیمپراتوری وەتمانی لە سەرجەمعی چەند وەڵاتی عەرەبی تازەپێکهاتوو زیاتر بوون و ئێستاش زیاترن.

بەرهەمی وتاری بەندی ٣: قەوارەی وەڵاتانی تازەپێکهاتوو لە میراتی ئیمپراتوری وەتمانی لەسەر ویستی ئیستعمار و داگیرکەران پێکهاتووە و گەلی کورد ئاستی کەمینەی پێدراوە. ئەو قەوارە سیاسییە دەستکردانە جگە لە زۆر و تەڵەکە و لایەنگری کۆلۆنیالیزمی جیهانی، چ مەشروعیەت و بەڵگەیەکی ئاسایی و یاساییان نییە.

### ٤. سەرەتای نەتەوەخوازی کورد لە ئیران

کاتێک لە دەیەی چلی سەدەی ١٩ لە شاری مەهاباد (سابڵاخ) عەشیرەتەکان بەرلنگیان بە دەسەڵاتی میری ناوچەی موکری گرتبوو، ئاسەوارێک لە نەتەوەخوازی کورد بەدی نەدەکرا. (عەشیرەتەکان لە دەسەڵاتی قاجاریان نەویست میرێکی کورد لە جێگای بنەماڵەی بابامیری موکری دابندرێ - کە ٤٠٠ ساڵ حکومەتی ئەو ناوچەیان بەدەستەوە بوو- بەڵکو بە ڕاشکاوی پشتیوانیان لە ناردنی حاکمی دەرەکی کرد. سەرۆک عەشیرەتەکان وەک دەرەبەگ - بە لایەنگری لە حاکمی فەرمانپێدراو لەلایەن شای قاجار، دەسەڵاتی ناوەندیان لە ناردنی هێزی چەکدار بۆ پشتیوانی حاکم ڕزگار دەکرد، لە بەرامبەر ئەو یارمەتییەدا دەستیان بۆ ڕاوڕووت ئاوەڵا دەبۆوە کە لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەمارەتەکان، بەرگری لێدەکرا[1].

بەڵام دواتر حاکمەکان بە خوێندنەوەی کۆمەڵناسانە عەشیرەتەکانیان بە یەکتر تەمبێ و جەریمە دەکرد! بۆیە دوای ماوەیەک بەشێک لە عەشیرەتەکانیش بایاندایەوە و ڕوویان لە "کوردایەتی" نا![2] پاش ئەوەی بۆ هەوەڵ جار لە مێژووی مەڵبەندی موکری، بنکەی دەسەڵاتی ناوەندی لە شاری مەهاباد - لەجێی میری کورد- دامەزرا، زوڵم و زۆری و ڕاوڕووتی حاکم و دەرەبەگ بە ڕادەیەک پەرەیساند کە لە ماوەی کەمتر لە چل ساڵدا بزاڤی نەتەوەخوازی لەم ناوچەیە سەریهەڵدا. (ڕاپەڕینی ١٨٨٠ - بە ڕێبەری شێخ عوبەیدوڵڵا- بۆ دەربڕینی "داخوازی دەسەڵات بەسەر خۆ" لە باکووری کوردستانی ئێران.) دواتر تا کودتای ڕەزاخان (١٩٢١) بەرەبەرە بیر و بزاڤی نەتەوەخوازی پنجی داکوتا. کاتێک ڕەزاشا دەوڵەت نەتەوەی ڕەگەزپەرستانەی (تایبەت بە پێناسەی گەلی فارس)ی دامەزراند و گۆڕانکاری لە بنەماکانی کۆمەڵایەتیدا پێکهات، نەتەوەخوازیی کوردیش ڕەوتی نوێی پەیداکرد. ڕێکخراوەی سیاسی نەتەوەخوازانە سەریانهەلدا. کۆمەڵەی ژیاندنەوەی کوردستان (ژ. ک. ١٩٤٢) لە شاری مەهاباد دامەزرا. بەرهەمی وتاری بەندی ٤: لاچوونی دەسەڵاتی ناوچەیی میرانی کورد و دامەزراندنی دەسەڵاتی ناوەندی بە هاوکاری دەرەبەگی کورد، دواتریش پێکهاتنی دەوڵەت نەتەوەی تایبەت، گەورەترین هاندەری بزاڤی نەتەوەخوازیی گەلی کورد لە ئێران بوو.

### ٥. ڕەوتی مێژوویی گۆڕانی سیستەمی حکومەت لە ئیران

* دەسەڵاتی ئێران لە سەرەتاوە تا زاڵبوونی موسڵمانان (٦٤٠ ز.) فرەلایەنە و فیدراتیڤ بوو.

* دوای زاڵبوونی ئیسلام بەسەر ئێراندا، تا ساڵی ١٥٠١ ز. کوردستان خاوەنی دەیان دەسەڵاتی میری ناوچەیی بوو (بڕوانە شەرەفنامە و سەرچاوەی [1]). شائیسماعیل لە١٥٠١ سەرەڕۆیانە شێوازی دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێران گۆڕی و کێشەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پێکهێنا.

* ئینقلابی مەشروتە لە ئێران (١٩٠٦) سیستەمی فیدراتیڤی پێشووی تا ڕادەیەک سواند، بەڵام یاسای بنەڕەتی مەشروتە بەهۆی پتر لە ١٠٠ ماددەی تایبەت بە چەمکی ویلایەتی و ئەیالەتی بەرگری لە زاڵبوونی دەسەڵاتی فرەخوازانەی ناوەندی دەکرد.

* ڕەزاشا بە دامەزراندنی دەوڵەت- نەتەوەی ڕەگەزپەرستانە ئەو یاساگەلەی وەلانا.

* بەو چەشنە حکومەتی ئێران کە تا ئەو سەردەم بە "وەڵاتە پارێزراوەکان" (ممالک محروسە) دەناسرا- کە بریتی بوو لە چەشنێک حکومەتی فرەلایەنەی (**Plural**) فیدراتیڤ- لەلایەن ڕەگەزپەرستانەوە سیستەمی سانترالی تەکلایەنەی (**Unitary**) بەسەردا سەپا.

* ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتیانە بوونە هۆی تێکدانی قەوارەی سیاسی، فەرهەنگی و "مێژوویی"ی ئێران کە لە سەرەتاوە بە هاودەنگی گشت گەلانی "ئێران" پێکهاتبوو.

* لە ساڵی ١٣٢٤/ ١٩٤٥ گەلانی ئازەربایجانی و کورد بە دامەزراندنی فیرقە و کۆمەڵەی دیموکرات لە تەورێز و مەهاباد، لە بەرامبەر سیستەمی تەکلایەنەی داسەپاو- لەلایەن ڕەگەزپەرستانەوە- ڕاپەڕین و لە مەودای یاساگەلی مەشروتە، سەرلەنوێ داوای دامەزراندنەوەی سیستەمی فرەلایەنەیان کرد. دەستکەوتی وتاری بەندی ٥: لە ئێران سیستەمی "فرەلایە" نە لە سەرەتاوە بە هاوبەشی گشت گەلانی وەڵات پێکهاتبوو. هەوەڵ پەلامار لەلایەن شائیسماعیلەوە دەستیپێکرد، ڕەزاشایش دەسەڵاتی ڕەگەزپەرستانە و تەکلایەنەی دابەزاند.

### ٦. دەوڵەت نەتەوەی تایبەت و گەلانی بەشخوراو

بە دامەزراندنی دەوڵەت- نەتەوەی ڕەگەزپەرستانە، مافی گەلانی تری ئێرانی پێشێلکرا. ناوچە کوردییەکان و پتری ناوچەکانی ئیران لە داهاتی عادڵانە و هاوبەشی "وەڵات" کەمترین بەشیان پێبڕا. جیاوازی لەنێو گەلانی ئێران دامەزرا. لە حاڵێکدا لە ڕووی ئاماری ساڵی ١٣٧٠ نفووسی ئەو خەڵکانەی زمانی زگماکیان فارسی نییە، ٧،٥٦٪ نفووسی ئێران بوون. هەروەها تا بەر لە ڕاپەڕینی ١٣٥٧ بەشی پارێزگاکانی یەزد و ئیسفەهان لە داهاتی گشتیی ئیران ٦،٣٤٪ بووە، بەڵام بەشی پارێزگای کوردستان ٢،٠٪ و بەشی کرماشان ٤،٠٪ بوو[2].

سەرچاوە
Serchawe

دوای ڕاپەڕینی ١٣٥٧ ناوچە کوردییەکان بە چەشنێک کەوتنە قەیران کە پتر لە ڕابردوو وەدواکەوتن. (لەو ساڵانەی دواییدا هاتوونەسەر ئەو باوەڕە کە بە کوردان ڕابگەن. بەڵام ئاساری ڕەشی بێبەشکردنی ئەو ٨٥ ساڵە وا بە هاسانی قەرەبوو ناکرێتەوە.)

لە سەدەی ٢٠دا لە دەنگهەڵبڕین و ئیعترازی کوردان بە سیستەمی تەکلایەنە و سانترالی ڕەگەزپەرستانە، دەیان هەزار کەس لە کورد و غەیری کوردی ئێرانی کوژراون؛ خەسارێکی لەڕادەبەدەری ئابووری و کۆمەڵایەتیش لە وەڵات دراوە؛ لەحاڵێکدا ئەگەر سیستەمی فیدراتیڤ و فرەلایەنەی (Plural) مێژوویی نوێ کرابایەوە و لەسەر بنەمای دیموکراسی دابمەزرابا، کێشەی نەتەوایەتی، بەتایبەت کێشەی کورد، بەو چەشنە پێک نەدەهات. ئەو هەموو کوشتار و خەسارەش ڕوویان نەدەدا. دوژمنانی دەرەکی و ناوەکیش، لەو قوڕاوە ماسییان نەدەگرت! بەرهەمی وتاری ٦ سیستەمی سانترال و تەکلایەنە و ڕەگەزپەرستانە بۆتە هۆی جیاوازی و بێ عەداڵەتی لەنێو گەلانی ئێراندا.

### ٧. ئێران و سیاسەتی پارادۆکس (زیدونەقیز)، سەبارەت بە گەلی کورد

#### لە سەردەمی ڕەزاشاوە سیاسەتێکی پارادۆکس سەبارەت بە کوردان خۆدەنوێنێ:

لەلایەک کورد بە ڕەسەن ترین گەلی ئێرانی دادەنێن، لەلایەکیش کاربەدەستانی ڕەزاشا دژ بە ئازادیی فەرهەنگیی کوردان لە عێراق بوون. لەو سەردەمەوە هاوپەیمانەتی بۆ بەرگری لە ڕزگاربوونی ئەو (ئێرانییە ڕەسەنانە) لە چەنگ ڕەگەزپەرستانی تورک و عەرەب، دەستییپێکرد. ئەو چەمکانە ڕەوتێکی زیدونەقیزن. بەڕاستی ئەگەر ئەو کاربەدەستانە باوەڕیان بە قسەی خۆیان (کورد ڕەسەن ترین ئێرانین) هەبووبا، دەبوو بە ڕزگاربوونی کوردان لەژێر دەسەڵاتی ڕەگەزپەرستانی تورک و عەرەب خۆشحاڵ بووبان. بەڵام بە ڕاشکاوی دەتوەانین بڵێین:

ئەگەر لە ئەودیوی سنووری ئێستای ئێران و عێراق لە سەرەتاوە دەوڵەتێکی کورد دابمەزرابا، قەت ئێران بەو چەشنە تووشی پەلاماری سەدام (عێراق) نەدەبوو، ئەو هەموو خەسارەیشی وێنەدەکەوت. لەلایەکی دیکەیش با بڕوانین تورکان چۆن لە مافی کۆمەڵێک تورک لە قیبرس پشتیوانی دەکەن. هەڵبەت کوردان نایانهەوێ ئێرانیش وەک ڕەگەزپەرستانی تورک بکا، بەڵام نایشیانەوێ دژ بە کوردان هاوپەیمانەتی ڕەگەزپەرستان بکا.

### ٨. بەردەوامی بزاڤی ڕەگەزپەرستانە لە ئێران

پاش لاچوونی ڕەزاشا (١٩٤١/١٣٢٠)، هێندێک لە توندوتیژیی ڕەگەزپەرستانەی دەسەڵات کەم بۆوە، بەڵام کارکردی پرۆپاگەندەی سەردەمی ڕەزاشا لەنێو خەڵکی ئێراندا بۆ سیستەمی ناوەندی و تەکلایەنەی ڕەگەزپەرستانە، کاری خۆی کردبوو: هەنووکە زۆرتری نووسەران و کاربەدەستانی ئێرانی لەسەر ڕەوتی تەکلایەنە پێدادەگرن؛ پتر لایان وایە بە دامەزراندنی سیستەمی فرەلایەنە ئێران لەت لەت دەبێ.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەو گومانە پێویستییەکانی ئابووری سەرەکی ترین هۆی بەرگری لە لەت لەتبوونی ئێران دەکەن. وەک ئاماژەی پێکرا، ئەگەرچی لە ٨٥ ساڵی ڕابردوودا بەشی هەرە زۆری داهاتی گشتیی ئێران بە ناوچە ناوەندییەکان براوە، بەڵام ئەوانیش بێ داهاتی نەوت، ناتوانن خۆیان بەڕێوەبەرن، چ دەگا بە ناوچەکانی دیکە کە لەو ماوە درێژە دا چەوساونەوە و بەشیان خوراوە!

### ٩. زمانی نەتەوایەتی

یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی، دانی بە خوێندنی زمانی گەلانی ئێرانیدا هێناوە (لە کەنار زمانی هاوبەشی فەرمیی گشت گەلانی ئێران، واتە فارسی). بەڵام ترس و گومان - کە میراتی پرۆپاگەندەی ڕەگەزپەرستانەیەی سەردەمی پەهلەوی یە- لە وەگەڕخستنی ئەو یاسایە بەرگری دەکا. نووسەری ئەو دێڕانە لەسەر مەسەلەی زمان لە کتێبی (هویت تاریخی و مشکلات کنونی مردم کرد)دا دەڵێ: ئێستا بنەماڵەکانی ئێرانی زۆرتر هەوڵدەدەن منداڵەکانیان هاوکات دەگەڵ زمانی فارسی، فێری زمانی ئینگلیسی بن، بۆیە دەبێ بڵێین: ترس و گومان لە خوێندنی زمانی نەتەوەیی و ئێتنیکی، بۆچوونێکی هەڵەیە.

بەکورتی

هەتا دێ بایەخی دەنگ و ڕای خەڵک لە پێکهێنانی ڕەوتی سیاسیی نێوخۆی ئێران بەهێزتر دەبێ. بۆیە پێویستە بەگشتی هەوڵ بدەین هیچ نەبێ ئەو خاڵانە بۆ گەلانی ئێران ڕوون بکەینەوە:

١. کورد هەمیشە دەستپێشخەری شەڕ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی ئێران نەبووە.

٢. پاش ئیسلام هەوەڵ جار شائیسماعیل (١٥٠١) بە گۆڕینی شێوازی دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێران کێشەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دامەزراند.

٣. لە سەردەمی قاجار و دواتر لە سەردەمی پەهلەوی، بنەڕەتی دەسەڵاتی ناوەندی گۆردرا و کێشەی سەردەمی کورد گەڵاڵەدرا...

* * *

پەراوێزەکان

[١] ابریشمی، عبدالله؛ کتێبی (هویت تاریخی و مشکلات کنونی مردم کرد)، ٢٥٢ لاپەرە، چاپی تاران/ ١٣٨٥ (نشر آنا) فەسڵی دووەم.

[٢] سەرچاوەی پێشوو.

[٣] سەرچاوەی پێشوو لاپەڕەی ٢٥.


ئارشیڤی ماڵپەڕی دیمانە

١٢ی ژانویەی ٢٠٠٧

درێژەی هەیە...

سەرچاوە
Serchawe

# هەڵەبجە لەخانەی لەبیرچوونەوەدا



ئەندازیار عومەری حاجی عنایەتی هەڵەبجەیی

سەرەتا دەمەوێ سەرەخۆشی لەخۆم و لەسەرجەم ئەوانە بکەم کە لەرۆژی ١٦ی مارچی ١٩٨٨ بوونە ئامانج بۆ چەکی کیمیایی سەدام حسەین و عەلی حەسەن مەجیدی گۆڕ کراو، لێرەوە پێیان بڵێم کە ئەوانەی لەهەڵەبجە بوون لەو رۆژەدا هەموویان پرۆژەی شەهید بوون بوون، ئەوانەی کە بە فیعلی شەهید بوون بوونە سەرقافڵەی شەهیدان و گیانیان شاد، ئەوانەی دەربازبوون شەهیدی زیندوون.

ئامانجی سەدام گیان کێشانی هەموو هەڵەبجەییەکان و قڕکردنی بوو، بەڵام ویستی پەروەردگار وابوو ٥.٠٠٠ شەهیدو ١٠.٠٠٠ بریندارو ئەوانی دی دەربازبن، لەم ٢٢ ساڵەدا ژمارەیەکی زۆر لەدەرباز بووان گیانیان لەدەستدا لەچاوەڕوانی چارەسەری برینەکانیان یان چاوەڕوانی قەرەبوو کردنەوەیان دەکرێ هەموو ئەو هەڵەبجەییانەی کە رۆژی ١٦ی مارچی ١٩٨٨ لەهەڵەبجە بوون بە پۆلی کۆتری سپی بشوبهێنین کە لەسەر دارێک هەڵنیشتوون و سەدامیش بەو راوچیە کە لولەی تاپڕەکەی لەبەرزایەکەوە تێکردوون، بێگومان راوچی کاتێک تەقە لەکۆترەکان ئەکات بەنیازە هەموویان ببنە نێچیری ئەو و بکەونە خوارەوە دیارە هەندێک دەرباز دەبێ و هەندێک بەردەکەوێ و دەکەوێتە خوارەوە، هەڵەبجەییەکانیش بە هەمان شێوە ئەوەی مرد ئەوە شەهیدی فیعلییە ئەوەی ماوە کەم تا زۆر برینداری کیمیایە ئەگەر ٠.٥ سم ٣ گازیشی هەڵمژیبێ بەشەهیدی زیندو ئەژمار دەکرێن.

بەرێزان گەلی کورد یەکێکە لەو گەلانەی نەخۆشی لەیادچوونی کارەساتە تراژیدیەکانی هەیە، بەداخەوە زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی ئامادەن ساڵانە چوار رۆژ دەرگای شوێنی کاریان کڵۆم بکەن بۆ یادی نەورۆزو جەژنی قوربان، بەڵام ئامادە نین بە ( ٥ ) خولەک وەستان یان بە هەڵواسینی قوماشێکی رەش بە بەرماڵ و دووکانەکانیاندا یادی شەهید بوونی هەڵەبجەییەکان بەرز رابگرن! یان هیچ نەبێ ئەو رۆژە گۆشت نەخۆن نەچنە سەیرانو گەشت.

هەڵەبجەییەکان تازە رۆشتن و خۆیان شەهید بوون، ماڵیان تالان کرا، خانوو و دوکانو بازاڕ و قەیسەریان لەگەڵ خاک یەکسان کرا، مێژویان کوژرا، کلتووریان سڕایەوە، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان لەبەریەک هەڵوەشاو بوونە ئاردی پژاوی ناو درکە جاڕ هەرگیز ئەو هەڵەبجەیەی جاران دروست نابێتەوە.

بۆچی دەبێ گەلی کورد چاو لەشیعەکان نەکات؟! سەرنج بدەنە کەربەلا.. سەحرایەک بو ، ئەوە هەڵکەوتەی گۆڕی ئیمامی حسەین و یارانیەتی کە کەربەلای کردە شارێکی گەشتیاری ئایینی ستراتیژی و ساڵانە چەندین ملیۆنو رۆژانە دەیان هەزار شیعە لەوێن و یادی شەهید بوونی حسەین بەرز را دەگرن، بەرز راگرتنی یادی حسەین نیە بەڵکو بۆ زیندوو راگرتن و برەو پێدانی ئاینزای شیعەیە! ئەگەر گەلی کورد و کۆمەڵگای کوردی و حکومەتی کوردی یادی هەڵەبجە بەرز رابگرن ئەوە بۆ هەڵەبجەییەکان نیە بۆ بەرز راگرتنی ئینتیمای نیشتمانیە، ئەکرێت ئەم یادە بەکاربهێنرێت بۆ پتەوکردنی ریزەکانی گەلی کورد، سەرنج بدەن ملیۆنەها شیعە لەساڵێکدا لە (١٠ی محرم) یادی شەهید بوونی ئیمام حوسەین دەکەن و دوای چل رۆژ دووبارە یاد! لای ئێمەش ساڵ بەساڵ ئەم یادە خاودەبێتەوە، ئەوەش هەڵەبجەییەکانن بەتەنها ئەو یادە رادەگرن دەنا لە ٩٥% ی دانیشتوانی کوردستان نازانن هەڵەبجە لەکوێیە؟ مۆنۆمێنتەکەی چۆنە؟ گۆڕستانی شەهیدان کوێ کەوتووە؟! ئەوە حکومەتی هەرێمە تا ئێستا نەیتوانیوە کارەساتی هەڵەبجە بکاتە بەرنامەی خوێندن لەخوێندنگەکانی کوردستان و نەوەکانی دوا رۆژی پێناشنا بکات ، ئەوە حکومەتی هەرێمە رۆژی 6ی شوباتی کانوون ئەکاتە پشووی رەسمی رۆژی دامەزراندنی ئەو سوپایەی کە هەڵەبجەی شەهید کرد، ئەنفالی کردو بەدرێژایی مێژووی رەشی ئەم سوپایە دەستی بە خوێنی ئازادیخوازانی کورد سوورە و پۆستاڵی سەربازەکانی سوپاکەی 6ی کانون بەردەوام سەری ئازادیخوازانی پانکردوەتەوە، بەڵام حکومەتی هەرێم ئامادە نیە ئەو رۆژە بکاتە پشووی رەسمی یان (١٠) خولەک لەفەرمانگە و زانکۆو خوێندنگەکاندا تەرخان بکات بۆ ئەو یادە، سەرنجی جولەکەکان بدەن چۆن یادی کارەساتی قەتل و عامی (هۆلۆکۆست) ئەکەنەوە، ئەو کارەساتە بوو بووە پایەی سەرەکی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل کە هەموو عەرەب گیرۆدە بوون بەدەستیەوە. یادی قەتل و عامی ئەرمەنیەکان ساڵانە بەرز رادەگیرێت کارەساتی قەتل و عامی سەبراو شاتێلای فەڵستینیەکانن بەهەمان شێوە، بەداخەوە لەناو گەلی کور دا کارەساتێکی وەک هەڵەبجە ساڵ لەدوای ساڵ بەرە و لەیاد چوون دەچێ کاتێک لەکۆڕو کۆمەڵدا باسی دەکەین بەرامبەرەکەمان لێی بێزار دەبێ پێمان دەڵێن چی بوو نەبڕایەوە هەڵەبجە توخوا باسی مکە با زەوقمان نەشێوێ! ئای لەم نەهامەتیە! ئای لەو هەڵوێستەی تاکی کورد، چ کارەساتێکە بۆ گەلێک گەورەترین تراجیدیای خۆی فەرامۆش بکا.

هەڵکەوتەی شاری کەربەلا شارێکی چەپەکە وەک هەڵەبجە، بەڵام بەهۆی شەهید بوونی ئیمام حسەین بووەتە گرنگترین شار لای شیعەکانی دونیا، سەرنج بدەن وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا (کۆڵن پاوەڵ) لەئەمەریکاوە کە دێت، نایەتە سلێمانی و راستەوخۆ دەچێتە هەڵەبجە، ساڵانە دەیان شاندی بیانی لەوەزیرو پەرلەمانتار دەچنە مۆنۆمێنتی هەڵەبجە، بەڵام پێم ناڵێن ئایا چەند پەرلەمانتار و وەزیری کورد هەیە کە هەڵەبجەی نەبینی بێت؟ جگە لە پەرلەمانتارە هەڵەبجەییەکان.

ئەمە کارەساتە خۆمان بەدەستی خۆمان مێژووی خۆمان لەگۆڕ دەنێین و خۆمان بچووک دەکەینەوەو کارەساتەکانمان دابەشی هەزار دەکەین و بۆنەو ئاهەنگەکانمان کەرەتی هەزار دەکەین!

رۆژانە خوێندنگاکانی کوردستان گەشت بۆ خوێندکاران رێک دەخەن بۆ سیتی سینەماو سیتی سەنتەرو سیتی ستارو سەیرانگاکان بەڵام بەخەیاڵی هیچ بەرێوەبەرێکی پەروەردە دا نایەت کە رێنمایی دەرکات بۆ خوێندنگەکان کە هیچ نەبێ دوو ساڵ جارێک گەشت رێک بخات بۆ مۆنۆمێنتی هەڵەبجە و گۆڕستانی بەکۆمەڵی شەهیدەکانی ئەو کارەساتە سامناکە!

ئایا دەزانن تێکرای زیارەتکەرانی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە لەرۆژێکدا چەند کەسە؟ کەمترە لە ١٥٠ کەس؟ هێندەی مشتەری نانەوایەک کەمترە!! ئەوانەش زۆربەیان کوردی رۆژهەڵاتن، ئەم ژمارەیە بەراورد بکەن لەگەڵ مەزارە پیرۆزەکانی گەلانی دی. ئیمام حسین لەمانگی محرمدا شەهید دەبێ ئیتر لەو مانگەدا عەرەبەکان هیچ جەنگێک بەرپا ناکەن و ناویان لێ ناوە (شهر الحرام)، بەڵام دەسەڵاتدارانی کورد لەبری ئەوەی شاری هەڵەبجە بکەنە شاری حەرامو بڤە بۆ شەڕ کردن، زۆربەی شەڕی برا کوژیەکان لەهەڵەبجە دا چڕ کردووەتەوەو هەر گروپێک تاقمێک لە شەڕەکاندا دەدۆڕان بە کۆستەر رەوانەی هەڵەبجە کران و هەڵەبجە بووە شەرگەی راستی برا کوژی و چۆن بەرەی کوردستانی هەڵەبجەی هەڵبژارد بۆ ئەوەی بیکاتە پێگەی خۆی پاش لە دەستدانی هەموو ناوچە دابراوەکان و بووە سوری بەر لەشکری ئێران و بەو دەردەیان برد، بە هەمان شێوە پاش راپەرین هەڵەبجە دیاری کرا بۆ ئەوەی ببێتە شوێنی یەکلاکردنەوەی هەموو شەڕەکان ، بە شەڕی پارتی و یەکێتی و ، یەکێتی و ئیسلامییەکان ، وای لێ هات سەرجەم ئیسلامییە توند رەوەکانی کوردستان و عێراق و دونیا هەڵەبجە بکەنە سوپەری خۆیان و تا ئێستاش هەڵەبجە باجی ئەوە دەدات .

من بۆ خۆم چەند حکومەتی هەرێم بە کەم تەرخەم دەزانم لە ئاوەدانی هەڵەبجە ، دە ئەوەندە سەرمایە دارە کوردەکان گەر نەڵێم هەموویان زۆربەی زۆریان سەرمایە داری دوای راپەرین کەسیان شوێن پەنجەیان بە ئاوەدانی هەڵەبجەوە دیار نییە، لە یادیشمانە چۆن دەوڵەمەند و سەرمایەدارە کوردەکان پارە و ئاڵتونی خۆیان دەبەخشیە جەنگی دۆڕاوی قادسییە و لە یادی لە دایک بوونی صدام حسین دا

سەرچاوە
Serchawe

لە عۆجە چۆپیان دەگرت و ملە لیرەی ژنەکانیان دەکردە خەڵات بۆ یادی دیکتاتۆر و سەرخستی لە قادسیە و دواتر دریغییان نەکرد لە بەخشینی سامان و زێڕ و بۆ ئاوەدانی ( فاو ) !! بەڵام تا ئێستا نەماندی سەرمایە دارێکی کورد کە بە خوێنی شەهیدانی راپەرین دروست بوون و راپەرینیش ئەو نەمامەیە بە خوێنی شەهیدانی هەڵەبجە و ئەنفال و سەرجەم ئازادیخوازانی کوردستان ئاو دراوە هاتووەتە بەر .. نەخۆشخانەیەک ، خوێندنگایەک ، شەقامێک ، یاریگایەک ، باخچەیەک .....

لە هەڵەبجە دروست بکات ! لە ساڵی ١٩٩١ەوە ئێمە هەوڵی بە پارێزگاکردنی ئەم شارە شەهیدە دەدەین بەڵام بەربەست لە دوای بەربەست دێتە رێمان و دواجار حکومەتی هەرێم بڕیاری بە سەربەخۆکردنی ئیدارەی شارەکەی دا لەگەڵ شاری رانیە هاوشێوەی ئەوەی بۆ گەرمیان کرا، فەرمانەکەی گەرمیان و بتوێن جێبەجێکران و کاتێک هاتە سەر هەڵەبجە پێیان وتین نایاساییە و ئیدارەیەکی لەم شێوەیە لە هەیکەلی ئیداری وڵاتدا نیە، ئێمەش بە دەسەڵاتی کوردی دەڵێین ئەرێ بۆ گەرمیان و بتوێن بۆ یاساییە بەڵام بۆ هەڵەبجە نایاسایی؟ بۆ بۆ ئەوان حەڵاڵ و بۆ ئێمە حەرام؟! پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥ یاسای بە پارێزگاکردنی بۆ هەڵەبجە و چەند شارێکی دەرکرد ، ئێمە دەپرسین ئەم یاسایە چی لێهات؟ ئەگەر یاساییە بۆ جێبەجێیناکەن؟ گەر بیانوتان حکومەتی ناوەندە مالیکی خۆی لە هەڵەبجە ئەم بابەتەی وروژاند و ئامادەیی دەربڕی بەڵام ئەوە حکومەتی هەرێمە مەبەستی نیە ئەم پرۆژەیە بخاتە بواری جێبەجێکردن، ئەوان سەرقاڵی نەوت و گرێبەست و بیری نەوتن چ باکیان بە هەڵەبجەیە، ئێمە ناهەقیان ناگرین کاتێک حکومەتی هەرێم بەرامبەر مادەی ١٤٠ و گەڕانەوەی ناوچە داگیرکراوەکان ئەوەندە خەمساردبن ئیتر بۆ لەسەر هەڵەبجە گازندەو گلەییان لێبکەین و تەنها ئەوەندەیان پێدەڵێین ئێوە بێوەفا بوون بەرامبەر بەڵێنەکانتان پێویستە هەڵەبجەییەکان وەفادارن بە کارەساتی هەڵەبجە لە سندوقەکانی دەنگداندا وەڵامی ئەو بێ وەفاییەتان بدەنەوە

هاووەڵاتی

٩. ئازار (مارچ) ٢٠١٣

# لە سێدارە دانمان لە هەخامەنشیەکانەوە تا کۆماری ئیسلامی ئێران



بەشی یەکەم

نوسینی: هۆمەر



## دەسپێک

میلەتێک کە مێژوی خۆی نەناسێت مەحکوم بە دوبارە کردنەوەیەتی. هەر کوردێک لە سەری پێویستە کە مێژوی خۆی بناسێت. دەبێت ئەوانەی کە لە پێش ئێمەدا ژێرخانی ئەم وڵاتەیان دارشتووە و فەرهەنگ و کولتوریان دروست کردوە تا لینەهاتویی و خەتاکانیان و سەهوەکانیان بناسین و عیبرەتی لی وەرگرین، بۆ ئەوەی ئێستا بزانین چون وڵاتەکەمان ساز بکەین و گەشەی پێبدەین. تا دژمنانمان باش بناسین و بو بەرپەرچ دانەوەیان ریگا و وسیلە و ئامراری دروست وەبینین. تا بتوانین ساختاری مێژویی، ئابوری، سیاسی،کۆمەڵایەتی میلەت و حاکمانی سەردەستمان بناسین. بەداخەوە ئیمەی کورد بە تایبەت ریکخراوەکانمان لەم بارەوە زۆر لاوازین. ئیستایش چاوێک لە دیدو ئیرادەی گەلەوە دەخشکێنین بە مێژو مانا تا کۆماری ئیسلامی. راستیەکان ئاشکرا دەکەین مەتلەبەکان دەخەینە بەر تیخی رەخنە و بە دەلیل و حوجەتەکانەوە دەیخەینە بەر قەزاوەتمان تا بۆمان روون بێتەوە بۆ و، مەبەستیان چیبە ئەم هەمو دروو و دەلەسانە بە قورگمانا دەکەن. من نە مێژوو شناسم و نە مێژوو نووسم. من هیوام ئەوەیە کە ئەم کورتەنوسینە ببیتە هۆی هاندانی گەل و کەسانی مێژو ناس و پسپور بۆ ئەم مەبەستە گرینگە !

## مێژووی کۆن

کاتیک ئینسان وەسیلەی نیازی خۆی لە بەرد دروست کرد،کە نیشانەی سەر هەڵدانی زانین و تەمەدونی ئینسانە و بە دەورەی بەردینە (پارینە سەنگی) ناسراوە ، سێ خۆلە لە خۆ دەگریت :

١- کۆن ٢- میبانە ٣- نوێ . بە دوای ئەم دەورهدا، دەورانی بانتر لە "پارینە بەردی" دەست پیدەکات، ١٢ هەزار سال لەمەو پیش لە وڵاتانی رۆژ هەڵاتی نزیک، خولی (نوێ بەردینە) بە دەستەمۆ کردنی ئاژەڵ و پیک هێنانی دێ(گوند) و دروست کردنی سوۆاڵەت و معماری وردە وردو زانینی خۆی گەشە پیدەدا. واتە ٥٠٠٠ هەزار ساڵ پیش میلاد. ئاسەواری ئەم دەورانانە لە روبارو تەپۆڵکەکانی خوزستان و لرستان وکرمانشا و شاری سەراب و زیوییەی سەقز، شوش بینراوەتەوە و هەر وەک وەڵاتانی رۆژ ئاوا ئاسن دەبیننەوە و نیشانەی ئەم دەورەیش دروست کردنی شار و پەیدا بونی خەت و نیگار لە سەر ئاسن و گەشە کردنی معماری و بازەرگانی و هونەر و ئەدەبییاتە. و ئاساواریکیان لەم دەورە دیوەتەوە وەک زیگۆرات چغازنبیل و مەعبەدی باباجان .

نزیک بە ٥٥٠٠ ساڵ پ.م هۆزێک لە بەینی روباری دیجلە و فوراتی ئەمروو و باشوری لورستان، تەمەدونیکیان بە ناوی سومریەکان دامەزراند کە خزمایەتییان لە گەڵ نیژاد و زمانەکانی تیرە و نەتەوەکانی ئیمرۆ نییە و لە ٣٠٠٠ ساڵ پ . م شارەکانی وەک ئوور، ئورووک . نیپور . کیش . لاگاش و ئەریدوویان و... سەرەرای ئەوە ئامراز و ئامێری کشت و کاڵ کە گۆیای ژیانی کۆمەڵایەتییە لەم قەومە بینراوەتەوە زانیاری بە دەست هینانی ئاسنیان بووە و ئەوەڵین قەوم بوون کە بە خەتیش ئاشنائییان بووە بە ناوی خەتی بزماری و لە ٢٠٠٠ساڵ پ . م زمانی محاوەرەئی بوە . سومریەکان باوەریان بە خودای یەگانە و بە سێ "رەب و لنەوع"ی موشتەرەک بوە. عەقیدەیان بە رۆح بووە کە سەرئەنجام خیر بە سەر شەردا زاڵ دەبیت. پییان وابوو کە خوداکان وەک شاکان ژیانی خۆش و پر زرق و بەرقیان هەیە بۆیە پەرستکانیان بە زێر و جەواهیرات دەرازانەوە و پییان وابوو خوداکان لە زەویکی پاک و پیرۆز دەژین بە ناوی دیلمون و نوێنگەی رۆشنایین. سومریەکان زانیاری و ئەدەبییات و ئەساتیری خۆیان بە خەتی

بزماری لە سەر لوحەهایک نوسیوە وەک ئەفسانەی گیلگەمشن بریک لەم ئاسارارەیان لە ژیر خاک دەرهیناوە و ئەم ئاسەوارە نیشان دەدات کە لە ٢٧٠٠ساڵ لەمەو پیشەوە سومریەکان کتیبخانەی شەخسی و مەزهەبی و دەوڵەتییان بووە. بۆ نمونە کتیبخانەی تلوو زیاتر لە ٣٠٠٠٠ لوحەی گڵی سورەوە کراوی هەبوە. ئەم لەوحانە باسی بازەرگانی و کاروباری ئیداری و حقوقی دەکەن. ئەوەڵین تیرە بون کە یاسا و سیستمی حکومەتیان دامەزراند پاشا بە ناو بانگەکانی سومرەکان لە هەزارەی ٢١١٥ پ م لە بەین دەچن .

ئەکدیها : لە ٢٨٠٠ سال پ.م رویانکردە شارەکانی سومریان و لە بریک شار بونە حاکم و نزیکەی ٣٠٠ سال حکومەتیان کرد . ئەموریها : لە نیوەی دووەمی هەزارەی سێ ڕۆژئاوای فوراتیان داگیر کردوە. لە ئاخری هەزارەی سێ ٢١٢٢ بابلیان تەسەروف کرد. حەمورابی، هەر لەم قەومە پیک هاتوۆە. ئاشوریان، لە قەومی سامی و زمانیان ریشەی سامی وەک عەرەبی و عبری هەبوە .کاسییەکان لە ساڵی ١٥٣٠ بە سەرۆکایەتی گانداش هیرشیان کردە سەر حمورابییەکان و دوایی ئیلامیان تەسەروف کرد و دەستیان بە سەر شوشدا گرت و نزیک بە ٤٠٠ ساڵ حکومەتیان کرد . لە سالی١٢٣٤ پ.م شوتروک ناخونتەی ئەوەڵ کاسییەکانی تیک شکاند و بابلیان تاڵان کرد دوایی کاسییەکان تا ساڵی ١١٥٨ پ.م دەسەڵاتیان بە دەستەوە گرتەوە .

**حکومەتی ئیلام : لە ساڵی ١١٥٨ سپای ئیلام بابل تەسەروف دەکەن.**

حکومەتی ئاشورییەکان سەدەی ٧ . ٩ پ.م لە ناوینی دیجلە دەژیان ئاشوور یەکیک لە ناوچەکانی بابل بووە دوایی یەک دەگرنەوە و لە بابل جیا دەبنەوە. لە ساڵانی ١٥٠٠ . ١٨٠٠ دەبنە جێنشینی ئەکدەکان دوای ساڵی ١٤٢٠پ.م تیگلت پیلسر سێ ٣ تا ساڵی (٧٤٥ . ٧٢٧ ) پاشای ئاشور دەبیت .

کەلدانیەکان (٦٢٦ . ٥٣٨) لە ساڵی ٦٢٦ پ.م نیوپولاسر لە بابلی نوی بە قودرەت دەگات و ئیمپراتوری کەلدانیان لە بابل دادەمەزرینیت (٦٢٦ . ٦٠٥) و بابل شکۆمەندیی خۆی لە سلسلەی کەلدانییەکان بە دەست دینیتەوە . ئاشورییەکان ٨٠٠ ساڵ حکومەت دەکەن و لە ساڵی ٦١٢ پ.م بە دەستی مادەکان لە بین دەچن .

**مادەکان :**

ئاریائییەکان کۆمەڵە خەلکیک لە تایفە و عەشیرە و ئیلهایەکی زۆر بوون کە ٥٠٠٠ ساڵ لەمەو پیش کاتیک لە ئوراسیاوە لە داوینی کێوەکانی ئورال لە بینی ئاسیا و ئوروپاوە هاتن بەرەو ڕۆژئاوای ئەم دەوەرە (دەوروبەری زاگروس و ئیلام) بونە سێ لقەوە. شاخەیکیان بەرەو ڕۆژئاوا لە ئیلام و داوینەکانی کێوی ئەڵوەند نیشتە جي بوون و، سلسلەی مادیان پیک هینا. شاخەی دیکەیان بەرەو باکور(جنوب) و شاخەی سێهەم بەرەو رۆژهەڵات خوراسان ئەفغانستان و هیندوستان چوون (پارتەکان وئشکانییەکان لەم شاخەن) . ئەوەڵین حوکومرانی مادەکان لە زاگروس دیوکس ( ٦٥٥ . ٧٠٨ ) دوایی دیاکۆ هەمو تیرەکانی ماد کۆ دەکاتەوە و لە گەڵ ئاشور بە شەر دیت و پاشایەتی ماد دادەمەزرێنێت. فرورتیش (٦٥٣ . ٦٧٥) خشتریتە لە ساڵی ( ٦٢٥ . ٦٥٣) هۆوخشترە ( ٥٨٥ . ٦٢٥)کە سەرتاسەری ئیرانی ئیمرۆی لە ژیر دەسەڵاتی خۆ گرت لە ساڵی٦٣٣ پیش میلاد ئاشور بانیبال دەمریت و هووخشەتەرە بە پشتیوانیی لە بابل لە گەل ئاشور بە شەر دیت و لە سالی ٦١٢ پاشایەتی ئاشور لە نەینەوا دەروخینیت. نیوپلسەر پاشای بابل لە گەڵ هووخشەتەرە پەیمانی دۆستی دەبەستیت. بە ڕەواڵەتی میژو مادەکان ١٥٠ تا ٣٥٠ ساڵ حکومەتیان کردوۆە.٣

**هخامنشیەکان :**

یەکیک لە عشیرە و تایفەکانی ئاریائییەکانن و لە ساڵنامەکانی ئاشورییەکان لە زمانی پاشایەتی سلمانسەری سێ لە ساڵی٨٣٤ پ م بە ناوی خاندانی پارسوا ناویان براوە و لە لێکۆڵینەوەی میژو ناسەکان وەک "راولین سێ" ناو و ئاسەواری ئەم تایفە لە رۆژئاوای ئورومییە بینراوەتەوە و لە لایکیترەوە لە داوینی کێوەکان بەختیاری بەشیک بە ناوی پارسوماش هەبووە کە بەشیک لە وڵاتی پاشایەتی ئیلام بوە و لە نوسراوە بەردیەکانی ئاشورییەکان ئاشکرا دیارە کە لە کاتی پاشایەتی شلمنسەر( ٧١٣ . ٧٢١ ) و پاشا ئاسارهادون (٦٦٣) سەرۆک عەشیرەتەکانی هۆزی پارسوا گوێ ڕایەڵی ئاشور بوون و ئەم عشیرە لە دەورانی مادەکان بە تایبەت لە کاتی پاشایەتی فرورتیش (٦٣٢ . ٦٥٥) لە ژیر سەیتەرەی مادەکانا بوون و لە روی نوسراوە و ئاسەواری یونانییەکان بەرونی دیارە کە دەڵین سەرزەوی کەمەند ئەنداز‌انی ساگارتی (زاکروتی،ساگرتی) ئوستانی کرمانشای ئیمرۆیە و بە روونی باسکراوە مادەکانی ساگارتی لی ژیاهوەکە ناوەکەی بە تیکەڵ بونی بابلی و یونانی بوەتە زاگروس. هەر ئەم ناوە لەسەر کوێستانەکای رۆژئاوای ئیران دانراوە و بە جوانی دیارە کە خانەدانەکان یان عەشیرە و تایفەکانی ماد و پارسیو یان پاسارگات (پارس) هاو خوینن و پیوەندی زمان و فەرهەنگیان هەیە. ئاخرین پاشای ماد ئاستیاگ (ئاژیدهاگ) چۆن کوری نابیت کچەکەی ماندانا دەبیتە پاشا و بە هوی پیوەندی و تیکەڵ بونی ئەم دوو عەشیرە و تایفە یەکیک لە کورەکانی سەروک عەشیرەی پارسیو ، پاسارگاد (پارس)کەمبوچییە، ماندانا کچی ئازیدهاگ و پاشای ماد دەخوازیت و پیوەندیی خوینی لە حاستی رابەری ئەم دوو عەشیرە پیک دیت. بە هۆی لینەهاتویی ئیشتوویگو (باپیری ماندانا) لادەبەن و بەم شیوەیە لە ساڵی ٥٥٠ پ م دەسەڵات لە مادەکانەوە دەگۆێزریتەوە بۆ پارسیو یان پارسەکان و و پاشایەتی لە مادەکانەوە بە کوروش دەگات هەر ئەو شیوە و سیستمی ئیداری و خەت و نوسینی مادەکان ئیدامە دەدەن و، زمان و ئائینیان هەر یەک بوە. بە هۆی پیوەند بونی ئەم دوو عەشیرەیە ئیمپراتوریکی بەهیز و بەرین پیک دیت . و کوروش بە پەرە پیدانی خاکو سەیتەرەی دەسەڵاتی خۆی لەهەمان سیاسەتی هووخشەتەرە پاشای ماد کەڵک وەردەگرێت.

**کەسایەتی ژن لە دەورانی مادەکان و هەخامەنشیەکان :**

وتمان لە دەورانی "پارێنە بەردی نووی" ئینسان لە ئەشکەوت هاتە دەر و بە کۆمەڵ دەژیان و دەستیان کرد بە خانو دروست کردن و ماڵ و خیزانیان پیک هینا و لە جەمع و ژیانی پیکەوەی ئەم بنەماڵانە هۆز و تیرەیان پیک هینا، ناوەندی قودرەتی ئەم کۆمەڵگانە بنەماڵەکان بوون و منداڵ بوون هۆی بەهیزبونی ئەم بنەماڵانە و قەبیلەکە بوو و منداڵ بونیش بە شیوەی سروشتی و زاتی بە ئەستوی ژن بووە و، لە لایەکیترەوە لە گەڵ میردەکەی لە کاری بەرهەم هینانی کشتوکاڵ و ئازوقە و بۆ بە دەست هینانی پیداویستییەکانی بنەماڵەکەی بەشدار و هەڵسوراو بوە. پیاو زۆرتر راوی کردوە و بەرهەمی جەنگەڵی هیناوەتەوە و ژن کشت و کاڵی سەرپەرەستی کردووە.بارهێنانی منداڵەکانیشی لە ئەستۆ بوە.ئەمانە بووەتە هۆی ئەوە کە ژن پیگەیکی بەهیزی لە بنەماڵە و کۆمەڵگایا هەبیت و، دابەشکردنی خۆراک و کەل و پەل و دەسەڵات و بەریوەبردنی بنەمالە بە دەست ژن بوە و حوکم و قەزاوەت و ڕەئی کۆمەڵگایش بە ئەستۆی ژن بوە. چ لە بنەماڵە و چ لە کۆمەڵگادا ژن فەرمانرەوا و دەسەڵاتدار بوە ئەم خولەیە دەورەی "دایک سالاری" ناو براوە واتا ژن ڕابەری کۆمەڵگا بوە

**کۆمەڵگە لە سەردەمی مادەکان دا:**

کاتیک بە دەسەڵات دەگەن وەک کۆمەڵگایکی دەست نەخواردوی سروشتی دەمیننەوە، دەسەڵات بە ئیرادەی خەلک بەریوە دەروات و ریش سپییان و ژنان و لاوان زۆر جێ ریزو و جیگای تایبەت بەخۆیان هەبووە. دەورانی ژن سالاری تا رادەیک ماوە ئاینی زەردوشت وەک بیرو باوەری گشتی و پەیرەوی پندار نیک ،گوفتار نیک،کرداری نیک بوون مۆغەکان زۆر ساحەب دەسەڵات نەبوون. ژن و پیاو فەرقیان نەبووە ژنان لە زوربەی کاری کۆمەڵایەتی بەشدار بوون تەسمیمی دەسەلات بە سەرپەرشتی ژن و کۆبونەوە و راوێژ و رەئی ریش سپیان و مۆغەکان و نوینەری لاوان بەریوەجۆوە. لاوان بە جۆگان بازی و یاری و خوۆیندن و شمشیر بازی سەرقاڵ بوون. لیباسی ژنان هەر وەک پیاوان بوە.

**هەخامەنشی و کەڵکوەرگرتن لە ئایین بۆ خەرفاندنی خەڵک**

ماندانا ژنیکی ساحەب دەسەڵات و مودەبیر و زانا و لیهاتو بوە. دایکی لە سەر بنەمای پەروەردەی بکری کۆمەڵگای تەبیعی مادەکان ئامۆژگاری کورشی دەکرد کە عادڵ و میهرەبان بیت و مافی مروڤ و میلەتان بە رەسمییەت بناسیت. کورش ئحترامی دایکی بوو و تا رادەیک رعایەتی دایکی دەکرد بۆ نمونە کرزوس پاشای لیدییە و خاڵی ماندانا بوۆە کورش داوای لی دەکات کە بیتە ژیر سەیتەرە و دەسەڵاتی ئەووە

سەرچاوە Serchawe

بەڵام کرزوس قەبوڵی ناکات و لە پتریوم پایەتەختی هیتییەکان بە گژ یکدا دێن ئەوەڵ کرزوس سەردەکەویت بەڵام دوایی کرزوس شکست دینیت و هەڵدیت بۆ سارد و لە وی دەگیریت بە هۆی ئەوە کە خاڵی ماندانایە دوایی دەبیتە گەورەترین راوێژکاری هخامنشیەکان بەڵام ئامۆژگارەکانی ماندانا لە بەرامبەر دەسەڵاتخوازیی کورش کاریگەر نابیت. ئاینی زەردوشت کە ئاینیکی سادە و وەرگیراو لەلایەن خەلکەوە بوە، دەست دەباتە ناوی و موخ و موبەد و موبدان و کاتبینی بۆ دابین دەکات و بە یارمەتی بەکریگیراوانی گوێ لە مشتی ئاینی زەردوشت لە خزمەت خۆ دەگریت و ،،خۆی ،،بە پلەی خودائی دەگەینی و ئەهورامەزدایش ناودەنی خودای خوذاکان. خوی دەکاتە واستەی بەینی ئەهورامەزدا و خەلک. دەبیتە هۆی گەرای جادو و خورافات و گەندەڵی لە ئاینی زەردوشت. ئا لەم رۆژەوە هەتا بەئیمرۆ ئاین بۆ تەفرەدانی خەلک گورزی دەستی پاشاکان وئەمیران، سەرمایەداران و زاڵمان و دەسەڵاتداران بوە بۆ مەشروعییەتی خۆیان. بۆ نمونە لە ساڵی ٥٩٧ پ.م بەخت و نەسر ئیمپیراتوری بابڵ سەرزەوی جوولەکەکان داگیردەکات و لە دورەوە لە ژیر حاکمییەتی وڵاتی کەلدانییەکان دەبیت. کورش کوری ماندانا لە ساڵی ٥٣٨ کەلدانیان ساتراپ دوای کوشتاریکی زۆر تەسەروف دەکات. بۆ نواندنی خۆی کە خودای سەرزەمینە و نوینەری ئەهورامەزدایە، ئەو جوولەکانەی کە بە دیل گیرابوون ئازاد دەکات و دەیان نیریتەوە بۆ مەملەکەتی خۆیان و کۆن پارێزێکی جووی ئیرانی بە پیا هەڵدانی کورش تا دەرەجەی خودائی و رەوایاتی دور لە واقعییەت ئەسالەتەکەی لە بین چوە و هەمو ساڵیک رێورەسمێک بۆ یدکردنەوەی ئەم روداوە بە رێوە دەبەن. هەر ئیستا ئەم مەراسمە لە موزەی میلەتی یەهود لە تەلاویو بە ریوەیە کە دوساڵە خەریکی رازانەوەی جیگای ئەم مەراسمەن . پاشاکانی هەخامەنش بۆ بەدیهێنانی ئارمانەکانی پاوان خوازییان لەشکرێکی چەند ملیونی و پیک هینانی هیزی تایبەت لە لاوانی باڵا بەرز و دلیر و لیهاتوی ماد لە شیمالی خوراسان پیک هینابوو کە شەری تایبەت بە شیوەی پارتیزانییان دەکرد و ئیمرۆ بە ناوی سپای جاویدانی بارگاکانی شا و پاوانخوازان ناو دەبرین. کوروش تەواوی ئاسیای بچوک وەک زرنگ ،مەرڤ، بەلخ و ئاسیای میانە و بابل داگیر دەکات. کوروش دەبیتە یەکەم قودرەت لە فەلاتی ئیران و خۆیان ناو دەنین هەخامەنش و ماندانا شاهدختی ماد دەبیتە مەلەکەی هخامەنشی .

کۆمەڵگای هەخامەنشەکان لە عەمەلدا ببوە دوو بەش، بەشیکی خەلک و بەشی دوۆەمی بارگا و دەمودەزگای شا و شازادەکان و بنە ماڵەکانیان و هیچ پێوەندیەکیان لە گەڵ خەلک نەبوو . لە کاتێکدا پاشاکانی ماد پیویستییان لە گەڵ خەلک بووە حکومەت و سپایان لە کونفدراسیونی هەموو خەڵک پیک هاتبوو. تەواوی پاشاکانی هخامنشیان هەمویان بە سەرکوتکردنی خەلک و شەری ناو خۆیی و شەر و بە گژا جۆن لە گەڵ دراوسیکانیان وەک میسر و یونان سەرقاڵ بون. هەر وا گەندەڵی و رقابەتی قودرەت دزی بۆ بە دەست هینانی زەروزیو و دەسەڵات داوینی سیستمی ڕابەرایەتی داگرتبوو. لە ناو شازادەکان دژمنایەتی و بەربەرەکانی و پیلانگیری خیانەت و تەڵەنانەوە بۆ کوشتنی یەکتر پەرەی سەندبوو و بە درۆ خۆیان دەخستە جێ یەکتر وەک موخ بەردیا (بەردیای دروغین)ئەم دژمنایەتییە وخیانەت کردنەی دەسەڵات بە خۆ و بە خەڵک، بۆ دەسەڵات و سەرمایە لە هخامەنشەکانەوە تا ئیستا بەردەوامە. خیانەت بە مادەکان و کوشتاری ناوخۆی شازادەکانی هەخامەنشی و خیانەتیان لە شەری یونان ولە دەورانی ئەشکانییەکان بە شەر و کوشتاری ناوخۆیی لە گەل یەکترین و هەروا خیانەتیان لە شەرەکانی ئیران و عەرەب و سەیتەرەی ئیسلام و لە دەورانی خەلیفەکانی ئیسلام . خیانەتەکانی شا عەباس بە گەلی کورد ئەنفال کردنی کورد و کوشتنی نادرشا و خیانەت بە خەڵک و خاکی ئیران شەرەکانی ئیران و روس و خیانەتیان بە سەردارانی کورد لەم شەرانەدا وەک سەردار عەوەزخان و قەڵاچۆکردنی گەلی تواڵش و گیلەک و کوردی خوراسان و کوشتنی سەرداری جەنگەڵ کوچک خان و و سەدان زانا و ئوستاد و توێژەر و خەباتکار وەک ئەمیرکەبیر و تەقی ئەرانی، ئیعدامی قازی موحەممەد و قتڵ وعامی رۆڵەکانی سیاهکەڵ و سەدان شورشگیری چەپ و کوشتاری هەزاران کورد لە پیشمەرگە و ماموستا و زانیار و شۆرشگیر و خەڵکی ئاسایی و مەدەنی، کە تا ئیستایش هەر بەردەوامە .واتا هەر لە بیدایەتەوە تا ئیستا دەستیان لە کوشتارو جەنایەت و خیانەت بە گەڵ بوە.لەو سەدەمەوە تا ئیستا لە حوکمڕانیدا غەیری شا و، ئیستایش وەلی فەقیە، هیچ کەس نەیتوانیوە لە کاروباری وەڵاتدا دەخاڵەت بکات .

بۆ دابین کردنی هەزینەی ئەم شەرانە و عەیاشی و خۆشگوزەرانی کاخ نشینەکان ناچار بە تەحمیل کردنی ماڵیاتی زۆر بە سەر خەڵکا دەبن. بە قەولی "ریچارد .ن .فرای" لە دەورانی هەخامەنشەکان ماڵییاتەکان زۆر قورس بوون. بۆ هەمو شتیک ماڵیات دانرابوو. ماڵیاتی دەروازەکان و هاتوچوو و ماڵیاتی سنورەکان و مالیاتی دادوستەد ماڵیاتی مەرو ماڵاتی ئاژەڵ ماڵیاتی کشتوکاڵ و کسب و کار و کۆ کردنەوەی شاباشی ساڵانە بۆ شا. سەرەرای ئەو هەموو باج و ماڵیاتانە، خەرجی حاکمان و موباشیران ناوچەکانێ لە سەر شانی خەلک بوو و حاکمانی ئەو ناوچانەی کە خودموختار بوون بۆ دابین کردنی باج و خەراجی ساڵانەیان بە شا، دەست درێژییان بە هەست و نیستی وەرزیران و زەحمەتکیشان دەکرد و ئەو غەنائیم و دەستکەوتانەی کە لە شەرەکانا بە دەستیان دەهێنا زوربەی زۆری لە خزینەی شا ئەنبار دەکرا و بریکیشی دەدرایە کەسانی دەربار و فەرماندەکانی نیزامی و بۆ رازانەوەی کۆشکەکانی خۆیان بەکاریان دەهینا. وەک قاڵی ئەیوانی مەدائن و درەفشی کاویان لە تەڵا دروستکرابوو. بەگشتی عانەیک لە بەرژەوەندی گەل بکار نەدەرۆیی.

## لە سیدارەدانی گەلان لەدەورانی هەخامەنشیەکانەوە یان لەوحەی ئازادی مافی مروڤی کورش (هەخامەنشیەکان)

## لەوحەی ئازادی ماڤی مروڤ راست نییە بی حقوقی و لە سیدارەدانی مرۆڤ راستە !

ئەو لەشکەر کەشیانەی هەخامەنشیەکان کردویانە لە سەر ئەساسی میژو نوسەکانی خۆیان لە راست ناچیت و خۆیان یەکترین بە دروو دەخەنەوە بۆ نمونە بە رەواڵەتی جۆراوجۆر دەڵین لە شەریکدا خشایارشا بە سپایکی رزمی دوو ملوێن نەفەرییەوە هیرش دەکاتە سەر یونان و ئاتن تەسەروف دەکات. بەڵام دوواییی لە ساڵی٣٣٤ ئەسکەندەر هیرش دەکاتە سەر ئیران هیزی داریوشی سێ٣ هەخامەنشیەکان تیکدەشکینیت و تەختی جەمشید ئاگر تیبەر ئەدات خوراسان دەگریت و بەرەو سەیحون وبەرەو هیند دەروات. بەشیک لە پنجاب دەگریت و پاشان لەشکرەکەیان لە پیشچون بەرەو هیند خۆ دەبوێرن. ئەسکەندەر یەکیک لە فەرماندەکانی خۆی بەناوی "نئارخوس" لە رێگەی دەریاوە بە ١٥٠ کەشتی و٤ . ٥ هەزار سەرباز لە دەریای کەراچییەوە بەرەو دیجلە رەوانە دەکات و خوی بە ١٥٠٠٠ سپاوە بەرەو جنوب ولە رێگای کەویرەوە دەگاتە ئیرانشهر (دەگاتە بلوچستانی ئیمروو) و لە خوراسان یەکیک لە سەردارەکانی بە ناو "سولوکوس" بە فەرمانروا دادەنیت و سلسلەی سلوکیان دادەمەزرینیت (٣١٢ . ٥٠)و "بابل"یان کردە پێتەخت.لەم حکوومەڕانی یە لە ئیران ئاسەواریکی ئەوتۆ بە دەستەوەنییە. زانیارییەکان و بەڵگە لە بارەی ئەم سلسلەوە زورتر لە میژوی یوناندایە. پاشاکانی ئەم سلسلە هیچکامیان خۆجێی نەبون. ئەم سلسلە زورتر بە شەر لەگەڵ دەسەڵاتەکانی دەوروبەر وشەری ناوخۆیی و راپەرینی ئیرانیان سەرقاڵ بوون. هەر ئەمە بوۆە هۆی شکست و لە بین چونیان.

کاتیک هیزیکی ئاوا گەورە دووملوینی هیرش دەباتە سەر وەڵاتیک پایەتختەکەیشی دەگریت و شیرازەی وڵاتەکە لە یەک دەترازینی، چۆن بوو دوای ماوەیکی ئاوا کورت ئەم وەڵاتە خۆی دەگریتەوە ؟ و بە ژمارەیکی زۆر کەمتر لە سپای هخامنش هیرش دەکاتەوە سەر ئیران نە تەنیا تاج و تەختی هخامەنشی تەخت و تاراج دەکات بەڵکو سەرانسەری فەلاتی ئیران هەتا هیندوستان و پاکستان و شیمالی ئیران تا ئەوپەری روباری سەیحون و جەیحون داگیر دەکات ؟ ئی ئەم پاشا و شازادە بوێر و بلیمەتانە کە تەنیا بۆ لەشکەر کیشێک بۆ شەر لە دەرەوەی سنوری ئیران پیک دێنن چیان لیهات ؟ یان خەلک و زەحمەتکیشان و کریکاران کە لە مهرو خەڵات و عەداڵەت و دادپەروەری شا بەهرەمەند بوون، و شا وڵاتیکی پر لە رزق و رۆزی بۆ فەراهەم کردون چییان لیهات؟ بۆ لە شای دادپەروەریان لە نۆینەری ئەهورامەزدا (سیبەری خودا) پشتیبانیان نەکرد؟ و بۆچی بۆ پاراستنی وەڵاتی ئاوەدانیان هیچ بەرگریکیان نەکرد؟

ئەمە سەنەدیکی حاشا هەڵنەگرە کە پاشاکانی هەخامەنشی بەم سیستم و نیزامەوە، نزیکی ئەوتۆیان لە گەڵ خەلک نەبوۆە و ئەمە بە پیچەوانەی لەوحەی ئازادی و وسیيەتنامەکانیانە. ئیستا لە سەتحی جیهاندا باسە کە ئەم لەوحەیە مەربوت بە کییە ؛ هەر ئیستا لە سەر سایتی بی بی سی بەشی فارسی باسە کە کییە ساحەبی ئەم لەوحەیە و تەنانەت تەنگ نەزەرانی بی بی سی جورئت ناکەن کە بڵێن پێوەندیی بە کورش یان پاشاکانی هخامەنشییە یان مەربوت بە پارسە. وەک لە بەشی پێشووی ئەم بابەتەدا باسمان کرد عەشیرەی پارسیو و پاسارگاد نە بە مانای پارسە و نە بە مانای میلەتی فارس. سەرەرای ئەوەش بی بی سی خۆی باسی ئەوە دەکات کە لە بابل دوزراوەتەوە. ئەگەر وایە خۆ کوروش چەند جار هیرشی بە گیان و حال و مالی ئەم گەلە کردووە و تالانی کردون. ئەوەش دەزانین کە کورش عاقیبەت بە دەستی هەر ئەم خەلقە لای دەریاچەی ئورال کوژرا. ئەم پاشایە ئەگەر ئەوەندە عادل و ماف و مروف پەروەر بووە بۆ بەردەوام هیرشی کردووەتە سەر ئەو خەڵکە و، خەلکی بابل بۆ پاراستن و سەروەری خۆیان بەردەوام بە گژیا هاتون و عاقیبەت دەیکوژن. بە پێی نوسینەکانی خۆیان (کە جەختی لە سەر دەکەن سەنەدی میژوئین) هاتوە: لە دەوروبەری رووباری سەیحون و جەیحون کۆمەڵیک خەڵک ژیاون بە ناوی ماساژت وبریک پییان وایە سکایین کە هردووت بە خەلکیکی دلێر و ساحەب کەرامەتیان ناو دەبا و بیوە ژنیک پاشا (مەلەکەیان) دەبیت کوروشی گەورە پیشنیهادی پیدەکات کە تەسلیمی بیت و خویشی ببیتە هاوسەری. بەڵام ئەم شیرە ژنە بۆ پاراستنی ئازادی و کەرامەتی گەلەکەی و خۆی پیشنیارەکەی رەتدەکاتەوە. بەڵام ئەم پاشا "مروف پەروەرە" بە فیڵ و کەڵەک هیرش دەباتە سەریان و کوری مەلەکەی ماساژت یەخسیر دەکات مەلەکەی ماساژت کاتیک دەبینیت بە فیڵ و کەڵەک هیرشی سەرکراوە و ئیستایش دەیانەوی بە دیل گرتنی کورەکەی تەسلیمی کەن، بە پیچەوانە لە گەڵ گەلەکەی تەسمیم دەگرن هیرش بکەنە سەر سپای کورش و دەڵین یان هەمو دەکوژرین یان وەڵاتمان رزگار دەکەین و هیرش دەکەنە سەر سوپای فرە و فراوانی کورش، پاشای ٢٠ تا ٢٥ وەڵات تیک دەشکینن و کورشیش دوای ٢٨ساڵ پاشایەتی لە سالی ٥٣٠ پ م لەم شەرەدا دەکوژریت. گویا تەرمەکەی دیننەوە بۆ پارس و لە پاسارگاد دەینیژن! کە وایە ئەم لەوحە مەربوت بە کییە؟ سەرەرای ئەوە پاشاکانی هخامەنشی وک خەشایارشا و داریوشی گەورە لە نەقشی روستم و ... سەدان سەنگ لەوحەیان لە سەر مەزاریان نوسیویانە بۆ نمونە داریوش جی قەبری خۆی لە نەقشی رۆستەم ساز کرد و لە بەردەکانی ئارامگاکەی کەتیبەهایکی زۆری هەڵکەندوۆە و سەبارەت بە حدودی سەیتەرەی خۆی و تاریف و خۆهەڵدانیکی زۆری لە خۆ کردووە و هیرش و کوشتارو سوتان و ماڵ ویرانکردن و تالانی خەلکانی تری بە کاریکی باش باسکردوە و، نوسراوە کە هەموو ئەو کارانەی بە فەرمانی ئەهورامەزدا ئەنجامداوە بۆ ئەوەی لۆمە لە خۆیان داماڵین، کورشیش بە همان شیوە رەفتاری کردوە. ئەم گومانە هەیە کاتیک کورش بابل داگیر دەکات بۆ ئەوەی خۆی بە نوینەری ئەهورامەزدا بناسینیت و بۆ فەریوی خەلک و میلەتان یەهودییەکان ئازاد دەکات بۆ ئەوەی لەوحەی دوور لە ڕاستی نوسیبیت و پاشاکانی تریش وەک خەشایارشا تا داریوشی دوو ٢ ئارامگای خۆیان لە تەختی رۆستەم دروست کردووە و شتیان نوسیوە بەڵام ئەردەشیری دوو بە تەقلید لە تەختی رۆستەم لە کێوی مهر و میترا لە ڕۆژهەڵاتی تەختی جەمشیدەوە ئارامگای خۆی دروست کردوە. بە دوای ئەو، تا ئاخرین پاشاکانی هەخامەنشی ئارامگای خۆیان لە مهرو میترا دروست کردووە . ئەمانە هەمو دەلیل بە پیک هاتنی گومانە گە ئەم لەوحە پێوەندیی بەکورش هەبیت، یان راست نەنوسراوە. بابل هەرگیز بە تەواوی لە ژیر سەیتەرەیاندا نەبوە و کورش بەردەوام بە گژ ئەم خەلکەدا چوە. وەک وتمان هەرلەویش بەدەستی هیزیکی زۆر بچوکتر لە خۆی تیک شکا و کوژرا .

**جوڵانەوەی جەماوەری هەمو گەلانی فەلاتی ئیران بە دژی بە رەوایەت نوسەری لەوحەی مافی مروڤ .**

هخامنشیەکان هیرشیان دەکردە سەر وڵاتان و گەلانی دەوروبەر، دەیان کوشتن ماڵیان ویران دەکردن و تالانیان دەکردن وڵاتیان داگیر دەکرد. بەڵام مودیرییەتی ئیدارە و بەریوە بردنی وەڵاتە داگیر کراوەکەیان نەبوو بەڵکو وەڵاتەکەیان کە ویران کردبوو دەیان سپاردەوە بە همان پاشا و حاکمانی وڵاتی داگیر کراو و مولزەمیان(مەجبوریان) دەکردن کە ساڵانە باج و خەراج بۆ پاشای هخامنشی بنیرن. ئەمەیە کە ناویان ناوە عادل بون، میهرەبان بوون، و پاریزەری مافی مروڤ؛ بە دوای مردنی کورش لە عەرەبستانی ژیر دەستی ئیمپراتووریەکەی کەسیک بە ناوی "ئاترینە" سەڵتەنەتی ڕاگەیاند و لە بابل کەسیک بە ناوی "ئیدین" سەربەخۆیی ڕاگەیاند بە زوبی داریوش هیرش کردە سەریان و هەردوکیانی کوشت. بەڵام دوای ماوەیکی کورت لە خوزستان وئەرمەنستان، پارت، هیرکانییە، مەرڤ، سیستان و بابل شۆرشی ئازادی خوازی و سەربەخۆیی بۆ رزگار بونیان لە ستەمی هەخامنشی سەریان هەڵدا و یەکیک لە سەردارانی ماد بە ناوی فرورتیش بە دژایەتی لە گەڵ ستەمی هەخامەنشیان داریوش و بە ئیعتراز بە ئینحیراف و هەڵە کردنی ئاینی زەردوشت لە ئەساڵەتی سروشتیی خۆی ڕاپەری. ئەڵبەت داریوش شکستی دا و فرورتیش پاشەکشەی کرد بۆ رەی. لەوی گیرا و داریوش رەوانەی هگمەتانە(همدان)ی کرد و لە وی لە سیدارەیان دا (لە سیدارەدانی فرورتیش لە هەمەدان پایتەختی ماد بە تەواوی سیاسییە). دەبینن کە لە سیدارەدانی کورد کاریکی تازە نییە و بەرەواڵەتی ئەسنادی میژوو هەر لە مادەکانەوە لە سیدارەمان دەدەن. زۆر جێ سەرنجە داریوش لە بەردەکانی ئارام گاکەی خۆی وەسییەت نامەکەی ئاوا هەڵ دەکەنیت :"من لە دنیا دەرۆم ٢٥ وەڵات لە فەرمانی ئیمپراتوری مندایە و بە خەشایارشا تەوسییە دەکات کە ئەم وەڵاتانە ڕابگرە و لە کاروباری ناوخۆییان دەخاڵەت مەکە و مەزهەب و کولتوریان ریز بگرە، ١٢ کرور زیر لە خەزینەی دەوڵەتدایە جوان ڕابگرە. چونکە قودرەتی پاشا هەر بە شمشیر نییە بەڵکو بە سەروەتیشە. دە ساڵە ئەنباری دەغڵ ودان دروست دەکەم تۆیش هەروا ئیدامە بدە . کاری گرینگی مەملەکەت بە دۆستان و نەدیمانت مەدە با ئەگەر زوڵمیان کرد بتوانی موجازاتیان بکەی کاری کاناڵی سوئز لە میسر تەواو کە بەڵام ماڵیاتی کەشتییەکان زۆر نەبیت و ..." .لە حالیکدا وەک باسمان کرد بە پیچەوانەی وەسییەت نامەکانی هەلسو کەوتی کردوە و وەسییەت نامەی پاشاکانیتری هەخامەنشی و لەوحەی مافی مروڤیش یان لەوحەی ئازادی کورش راست نییە ووەک وسییەتنامەکانی داریوش تەحریف کراوە بۆ فەریودان نوسیویانن تا گەلان لەپاش خۆیان بیر نەکەنەوە کە چەندە ستەمکار بوون.

**کۆمەڵگەلە سەر دەمی هەخامەنشییەکاندا :**

چونیەتی دابەش کردنی ئەم کۆمەڵگایە بە چین و توویژەکانی جوراوجۆر و ئیدئعای مافی مرڤ و ئازادی گەلان و دادپەروەری کورش و پاشاکانی هەخامەنشی پوچەڵ دەکاتەوە.

ئەم کۆمەڵگایە بە پنج چین دابەش کرابوو .

١- شازایەکان و ئەشراف و گەورەپیاوان .

٢- موغان ( پیاوانی ئاینی)

٣- وەرزیران (کشاوەرزان) .

٤- بازرگانان و پیشەوەران .

٥- غوڵام و بەردەکان .

لە بەشی یەکەمدا وتمان کۆمەڵگای هەخامەنشەکان لە عەمەلدا ببوە دوو بەش، بەشی ئەوەڵ بارگا دەمودەزگای شا و شازادەکان و بنە ماڵەکانیان و بەشی دوۆەم جەماوەری خەلک و کرابونە دوو چین ئەلف : وەرزیران ( کشاوەرزان) کە کۆڵەکەی بنەرەتی ژیانی کۆمەڵگابوون زەوییان لە ئختیاردا بوو کە کشت وکاڵ بکەن بەڵام حەقی فرۆشتن یان ئیجارەدان و گۆرینەوە و سپاردنیان بە کەسیکیتر نەبوو بە خۆی و بنە ماڵەکەیەوە دەکرا بەو مانایە ژیانیان بە زەوییەکەوە بەسترابوو و ئازادیان هەرگیز نەبوو و بیگاریشیان پی دەکردن و سەرەرای ئەوە نوینەری خانوادەی شا بە سەریانەوە دانرابوو بۆ ماڵییات بە ناوی موتەسەدی . ئیسڵاحاتی ئەرزی شایش ئەلگویک (تەمسیلیک) بۆ لەمە . بە ناو زەوی درابووە کشاوەرزان بەڵام بە هۆی وامی دەوڵەتی و مخارجی ئاو و ئیدارەی کشت و کال بە تایبەت لە لایەن ئاغاواتەکانەوە (مالکانی پیشو ) بە سوو و سەلەم بە یارمەتی مئمورانی دەوڵەتی و ژاندارم رووت دەکرانەوە . ناویان وەرزیر بوو بەڵام لە واقیعدا کریکارانی وەرزیر بوون لە خزمەت سیستمی کومپوراتیڤی سەرمایەداری شا

سەرچاوە Serchawe

دەبن . بێ : غوڵامان یان بەردەکان لە زەوییەکانی بنە ماڵەی شا بیگارییان پی دەکردن گەورەپیاوان ، ئەمیران و شازادەکان و پیاوانی ئاینی ، و ئیداری بە ناو کریکارهایکیان بوو بە ناوی مانیا کە وەک ئاژەڵ مۆریان دەکردن و لە کاری کشت و کاڵ وساختومان و نەجارەی کەڵکیان لی وەردەگرتن ولە ماڵ کاریان پی دەکردن .

شازادەکان و ئەشراف و گەورەپیاوان و نەجیب زایەکان : حەوت بنە ماڵەی پارسی بوون ١- شا و بنەماڵەکەی ٢- شازادەکان ٣- فەرماندەکان و خاوەن مەنسەبەکان ٤- مەئموران و پیاوانی ئیداری ٥- نەجیب زادەکان ٦- موغان و پیاوانی ئاینی ٧- بازرگانان . ساحەب مەنسەبە لەشکری و کۆمەلایەتی و ئیداری و موباشیر و کوێخاکان و بەرپرسانی کۆکردنەوەی ماڵیات و باج و خەراج لە ناو ئەم حەوت بنە ماڵەدا هەڵدەبژیردران . ٢- موغان و پیاوانی ئاینی : بەر پرسی مەراسمی ئاینی و بە ریوە بردن و دانانی یاسا بوون (ویست و فەرمانەکانی شایان دەکردە قانون).خەراج و ماڵیات لە خزینەی شا ڕادەگیرا . لەم سەروەت و سامانە بریکی لە لایەن شاوە بە خەڵات دەدرایە باقی ئەم شەش بنە ماڵەی پارس .

## سیستمی بە ریوەبەرایەتی و ئیداری هەخامەنشیەکان :

داریوش : ئیرانی بە بیست ساتراب یان ئوستانداری دابەش کردبوو و بۆ هەر ساترابیک بۆ کونترولی ماڵیات ئوستانداران بە ناوی ئەمین دابین کردبو . ئەمانە بازرەس یان جاسوسی شا بوون و پییان دەکوتن چاو وگوێچکەی شا. سەرەرای ئەوە زمانی ئارامی زور کەم کەس دەیزانی و شا بۆ خۆی هیچی لی نەدەزانی بەڵام ژمارێک زۆر لەوانەی کە بەم زمانە دەیان نووسی موچەخۆری کردن. بەشیکی زۆری نارد بۆ دەربار و یەکی نارد بۆ هەر ساتاپ یان ئوستانیک. شا لە بەر ئەوەی کەسیتر نەتوۆانیت نامە و فەرمانەکانی بخوێنیتەوە،بڕیار و فرمانەکانی بەم زمانە دەینوسی و حەواڵەی ئوستانەکانی وەڵاتی دەکرد و لەوی ئارامی زمانەکان بۆ ئوستاندار یان کەسی پێوەندیدار دەخوێندەوە. لە یەکیک لە سەنگ هەڵکەندراوەکان کە لە نێوان کرماشان و بەغداد بینراوەتەوە و هانری راولنسون پروفسوری ئینگلیسی لە ساڵە ١٨٣٦ دۆزیویەتەوە، نیشان ئەدات کە ٩ ئەمیری دەست بەستراو لە بەردەم داریوشدا ویستاون و لە سەرەوە سومبولیک لە ئەهورامۆزدا هەیە. بویە داریوش لە وەسییەتەکەی خۆیدا دەڵیت من ئەم کارانەم بە فەرمانی ئەهورامەزدا کردووە. هەروەک کە خومەینی دەڵیت ئەوەی کە من کردم دەستوری ئیسلامە. دەبینین کە پاشاکانی هخامنشی کوروش و داریوش و خەشایارشا و کەمبوجییە و ...بە پیک هینانی ئەرتەشیکی چەند ملۆینی ( هەر لە شەرەکانی میسر و یونان دوو ملوێن نەفەر سەرباز بە کار هینراوە) بەردەوام گەلانی ئیمپراتووریەکەیان و دراوسی وەک یونان و میسر و بابل و ئاشور و کەلدانیان بەر هیرش و پەلاماردوە سەدان هەزار نەفەریان قەتل و عام کردوە و ماڵیانزیان بە سەردا سەپاندوون وڵاتانیان ویران کردوە و سوتاندوە و کەرامەتیان بە خاک و خوین کیشاوە و غارەت و تاڵانیان کردون و مەجبوریان کردون بە دانی باج و خەراجی ساڵانە .

سەرەرای ئەوە لە ناو خۆی ئیرانیش فشار و زەختیکی زوری ماڵی بەسەر وەرزیرانەوە بووە و هەر وا کە وتمان بە دابین کردنی مەئموری مالیاتی و ئیتلاعاتی بە ناوی چشم و گوش(چاو و گوێ)ی شا و بە بیگاری کیشانی خەلک بۆ دروست کردنی کاخ و ماڵ و قەبری پاشا و نەجیب زادەگانیان و بە دانانی هەزاران سیدارە لە شارو شاروچکەکانی سەرانسەری وەڵات بۆ خنکاندنی کشاوەرزان و شۆرشگیران و خەباتکارانی سەرانسەری ئیران و نوێنەران و سەردارانی گەل وەک کروزوشی ماد و سەردارانی ئیلام و مەرو و... نەفەسی ژیان و ئازادییان لە خەلک بریبو. بەرهەمی ئەم تاڵان کردنانە و ماڵیات و هەموو باج و خەراجی ساڵانی دەچوۆە خەزینەی شاوە ، زێڕ و جەواهیراتیان دەتوانەوە و دەیانکردە شمشی تەلا. شا و بنەماڵەکەی بە تەواوی لە کۆمەڵگا برابوون و هەمو دەسەڵاتیان لە ناو چنگی خۆ قەبزە کردبوو. ئایا وەها پادشایەک ئا بەم سیستمی چینایەتییەوە دەتوانیت داڕێژەری "مەنشوری حەق و مافی بەشەر" بیت؟

ژنان لە دەسەڵاتی هەخامەنشیەکاندا : ژنان لە دەورانی هخامەنشینەکان ئەو ریزەیان نەما ژنان بونە دوو دەستە، ژنانی دەربار و ژنانی کۆمەڵگا. ژنانی دەربار هیچ دەسەڵاتیکیان لە حاکمییەتدا نەما. سەردارانی روم نوسیویانە کە ژنانی پاشاکانی ئیران وەک بووکە شووشە وان. لە حەرەمسەراکانی پاشاکانیان کاتیک دەجون بۆ شەر چەند ساڵیان پی دەچوو شا و هەمو فەرماندەکانیان ژنانیان لە گەڵ خۆ دەبرد. لە دەربار بە دەگمەن ژنانی توانا و لیهاتویان لێ هەڵکەوتوۆە. وەک ئارتمیز (ئارتمیس)لە کاتی پاشایەتی خەشایارشا دەریا سالار بوە ئاتوسا ژنی کوروش ئەلبەتە کچی پاشای ماد بووە. ژنانی کۆمەڵگا نەهک هەر بچوکترین مەیدانیان نەدراوتی، بەڵکو بەردەوام سپای دەربار و مەئمورەکانیان هیرشیان بردونەتە سەر و تاڵانیان کردوون و دەسدرێژییان پیکردون و، زۆر جاریش تووشی خۆراگری و پەلاماری ژنان هاتوون. ژنانی ماد زۆر ئازاد و سەر بەخۆ و ساحەب رەئی و ئیرادەبون. شان بە شانی پیاوان شەریان کردوە و لە زۆر مەورددا فەرماندە و ریبەرایەتی لە ئەستۆ بوۆە. بویە ماندانا را و تەدبیر کەری کوروش بوە . ئستاتیرا کچی داریوشی سێ، فەرماندەیکەی هیزی شەر بوە دایکی ماد بووە. بەڵام لە ناو کۆمەڵگادا پلەی ژن و پیاو وەک یەک وابوە. ژن سەرسپیردراو و کەنیزی پیاو نەبووە بەڵکو هاوری و هاوسەری پیاو بووە . حەق و حقوقی بەرامبەریان بووە و لە بەریوە بردنی ئابوری و ماڵ و ژیانیان هاوکارو هاوفکر بوون ژن لە تەربییەتی منداڵا نەقشیکی گرینگی بوۆە و هەر بەم هویەوە رەئی ژن زۆرتر کاریگەر بووە تا پیاو و بەم هۆیەوە ژن لە کۆمەڵگای مەدەنی زۆر جێ ریز بوۆە .

ئایا ئەم نیزامە بەراستی دەتوانیت خولقینەری مافی مروڤ بیت؟وەسییەتنامەکانیان کە باسی بەرژەوەندی خەلک و ریزگرتن لە بیرو رایان و ئیحتیرامی فەرهەنگ و کولتوریان و عەدڵ و داد و ئینساف و گوشار نەخستنە سەر خەلک و مراعاتی خەلک بۆ ماڵیات دەکات لە حالیکدا واقعییاتەکانی ئەم کۆمەڵگایە خیلافی ئەم وەسییەتنامانە و ئەم لەوحەیە .

## سپای جاویدان : لە بەین چونی شا خودائی :

وتمان پاشاکانی هەخامەنشی بۆ داسەپاندنی سەیتەرە و دەسەڵاتیان بۆ تاڵان و رووتکردن و بە زنجیرکیشانی گەلانی فەلاتی ئیران و گەلانی وەڵاتانی دەوروبەر، وەک ئاشور و بابل وکەلدان و میسر ویونان، هیزی چەند ملوینیان پیک هینابوو و سەرەرای ئەوە بۆ پاراستنی خۆیان و بنە مالە کەیان لە لاوان و گەنجانی ماد لە شیمالی ئیران کە سنورەکانیان لە هیرشی عەشیرە جۆراوجۆرەکان دەپاراست سپای تایبەتیان پیک هینا و ئەم لاوانە بە تەجروبەی خۆیان شیوە شەری تایبەت بە خۆیان فیر ببوون وەک هەڵاتن لە بەر دژمن و هیرش کردنە سەری، دژمنیان وەرەز و بیتاقەت و ماندو دەکرد و تیکیان دەشکاندن . ئەم شیوە شەرکردنە لە سەری ئەوەلی جیهانی بە شەری پارتیزانی ناو نرا . ئەم سپایە دوایی ناوی نرا سپای جاویدان(هەتاهەتایی) و هەر چەند کەسیان لێ کەم بویایەوە جیکەیان پر دەکردەوە. ئەم شیوە سپایە بە دریژایی میژوو مایەوە بۆ پاشایان و هەمو دەسەڵاتداران جیهان و هەر دەسەلاتیک ناوی خۆی سەر خستووە وەک ئاخرین شای ئیران(حەمە رەزا پەهلەوی) ناوی نابوو گاردی شاهنشاهی(گاردی جاویدان). پاشتریش گاردی ریاسەتی جمهوری و ... ئەم لاوانە لە گەڵ کچان و کورانی هەخامەنشی ژیانی هاوبەشیان پێک دەهێنا و پیوەندی خوێنییان پیک هات. دووایی کە ئەسکەندەری مەقدونی هیرشی هینایە سەر ئیران و پاشایەتی هەخامەنشیەکانی بە تەواوی تیکشکاند، ئەم عەشیرەتە لە شیمال لە گەڵ عەشیرەتەکانیتر پەیمانیان بەست و بە شیوەیکی کونفدراسیون دەسەڵاتی ئەشکانیانیان پیک هینا و بۆ دائیم بە سیستمی دەسەڵاتی "شاخودایی" . کۆتاییان هینا و بە شۆرشی ئینسانی یەکەم دەسەڵاتی خەڵقییان دامەزراند . ئەشکانیانیان بونە نمونەی ئینقیلانی ئینسانی لە جیهاندا

دریژەی هەیە

سەرچاوە و رون کردنەوە :

١- سەر چاوە: میژوی کۆمەڵائەتی ئیران مورتەزا راوەندی

٢- میسر باستان : بە تەمەدونیک دەڵین کە ٣٠٠٠ ساڵ لە پ م لە روباری نیل پیک هاتبوو .

٣- لە نوسراوەکانی پیشوو باسم کردووە (سایتی هەڵوێست)

سەرچاوە
Serchawe

٤- ئەوەڵین دەولەت : ئەوەڵین دەوڵەتی سومر کە لە مێژودا سەبت کراوە etana کە ٣٠٠٠ سال پ م حاکمی کیش دروستی کردووە

٥- ئیگور میخائیلوویچ دیاکونوف مێژوی باستانی ئیران

٦- ئیگور میخائیلوویچ دیاکونوف مێژوی ماد

١- هردووت کییە: مێژوو نوسیکی یونانییە کە لە ٤٠٠ پ م ژیاوە و سەبارەت بە مێژووی ئیرانی کۆن لیکۆڵینەوەی زۆری کردوو.

٢- مێژووی کۆمەڵایەتی ئیران مورتەزا راوەندی

٣- ئیگور میخائیلوویچ دیاکونوف مێژووی باستانی ئیران

٢٢ی ئاوریلی ٢٠١١

سەرچاوە : ماڵپەری هەڵوێست

# مێژوی ٨ ی مارس ڕۆژی ژنان و گرینگی ئەو ڕۆژە بۆ کۆمەڵگای کوردستان!



نوسینی: ئاریتما موحەممەدی...

پێش هەموو شتێک پیرۆزباری خۆم ئارەستەی گشت ژنانی کوردستان دەکەم، بە تایبەت ئەو ژنە تێکۆشەرانەی کە لە ڕێگای مافەکانیاندا ماندوو نەناسانە پشت ئەستور بە هێزی خۆیان خەبات و تێکۆشان دەکەن.

پرسی ژنان ئەمڕۆ بوەتە پرسێکی هەستیار و کۆمەڵایەتی گرینگ لە هەموو کۆمەڵگەیەک، بەتایبەت ڕۆژهەلاتی ناوەراست. وەک دەزانین لە ناوچەدا ڕۆژ نییە کە نەبیستی ژنێک لە بەر هۆی چەوساندنەوە و پێشێل کردنی مافەکانی ڕێگای خۆ کوشتن لە پێش نەگرێت، یان بە دەستی کۆیلەکانی ڕۆژگارەوە گیانی لێنەسێندرێت. ئەوەش کۆمەڵگای تووشی قەیرانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەبونی ئاساییش، لانی کەم بۆ نیوەی کۆمەڵ واتا ژنان کردوە. سیستمی بنەماڵەیی کە فەرهەنگی دەرەبەگایەتی ئیستاش بەسەریدا زاڵە، لە بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی کوردستان هەرماوە و قوربانی خێزانی لە ژێر ناوی جیاوازی لێدەکەوێتەوە. ئەو قوربانییانەش بێجگەلە دایک، خوشک،ژن و ڕەگەزە مێنەکانی خزمە نیزیکەکانمان بە دەر کەستر نین.

بە پێداچونەوەیەک بە مێژوی ٨ ی مارس ڕۆژی ژنان دەچمە ناو باسێکی گرینگی کۆمەڵایەتی کە ئەمڕۆ بووەتە باسێکی سیاسی و تەنانەت ئابوریش.

دیاری کردنی ڕۆژی ٨ ی مارس وەک ڕۆژی ژنان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی ١٨٧٥ ژنە کرێکارەکانی کۆمپانی چینین و کۆتاڵ درەستکردن لە نیویۆرک لە ئەمریکا لە بەر کەمی ئەو ڕێژە موچەیە کە ڕۆژانە وەریان دەگرت، وە بۆ زیاد کردنی موچەی ڕۆژانەیان و هەروەها کەم کردنەوەی کاتژمێرە کارییەکان، خۆپیشاندانێکی هێمنانەی مەزنیان ڕێکخست کە لە لایەن پۆلیسەوە پێشی پێگیرا و بە توندی هێرشی کرایە سەر و تێکدرا، وە لە ئەنجام دا چەندین ژنی تێکۆشەر گیانیان لە دەست دا و ژمارێکی زۆرتر بریندار بون.

هەروەها ئەگەر پێداچوونەوەیەک بە دەسپێکی شۆڕشی مەزنی فەرانسە بکەین ئەوا دەبینین کە ژنان لە دەسپێکی ئەو شۆڕشە مەزنە دا لە هەمبەر دابین کردنی مافە سروشتییەکانی وەک ئازادی، مافی بەرامبەری و مافی دەنگدان و مافەکانی مرۆڤ چەندین خۆپیشاندان و ڕێکخستنی مەزنیان پێک هێناوە.

خەباتی ژنانی کرێکار لە کۆمپانی چینین مێژوێکی ڕوون و درەوشاوەی بۆ ژنان دروست کرد و وەک دەسپێکی خەباتێکی جیهانی بۆ پرس و مافەکانی ژن لێکدرایەوە. لە پاش ئەو ڕوداوە ئیتر ژنان لە هەمو گۆشە و کنارەکانی دونیا هەوڵیان داوە بۆ ئەوە پرسەکەیان گرینگی پێبدرێت و مافەکانیان لێ زەوت نەکرێت و داواکارییەکانیان بە گوێی هەموان بگەیەنن.

لەو خۆپیشاندانانەی کە ژنان لە دەسپێکی شۆڕشی مەزنی فەرانسە و هەروەها کۆمپانی چنین لە نیویۆرک ڕێکیان خستە بوو، گەلێک داواکاری خرانە بەر چاو کە لە ڕوانگەی ژنانی ئەو سەردەمە دەبوایە گرینگی پێبدرێت.

بەڵام لە ٢٨ ی ٢ی ساڵی ١٩٠٩ بەیاننامەی پارتی سۆسیالیستی ئەمریکا هیوایەکی مەزنی بە ژنان دا، ئەوەش بڕیاری دیاری کردنی ڕۆژی جیهانی ژنان بوو. هەروەها لە ساڵی ١٩١٠ و لە مانگی ئووت کۆنفرانسی نێونەتەوەیی سۆسیالیستەکان لە پێتەختی وڵاتی دانمارک پێک هات. لە دەسپێکی ئەو کۆنفرانسە دا پتر لە ١٠٠ نوێنەری ژن لە لایەن ڕێکخراوە و سەندیکاکانی تایبەت بە ژنانەوە لە ١٧ وڵاتەوە بەشداریان کرد، بۆ ئەوە ڕۆژێک بۆ ژنان دیاری بکەن. ڕێکخستنی ئەو کۆنفرانسە لە ئەستۆی خاتوو "کلارازتکین" کەسایەتی ناسراوی پارتی سۆسیالیستی ئاڵمان بوو.

کلارا زتکین هەوڵەکانی خۆی خستە گەڕ بۆ ئەوە ٨ ی مارس وەک ڕۆژی جیهانی ژنان دەسنیشان بکرێت، هەر بەو مەبەستەش چەندین داواکاری ژنانی لە توێی داواکاریی نامەیەک دا پێشکەشی کۆنفرانسەکەی کرد بۆ ئەوە سرنجی بەشدار بووان بۆ پرسی ژنان و ماف و داواکارییەکانیان ڕابکێشێت.

لە هەمان ساڵ واتا ساڵی ١٩١٠ کۆنفرانسێکی دیکە ڕێکخرا کە پتر تەکید لە سەر پرس و بابەتەکانی کۆنفرانسی پێشو کرایەوە کە ڕۆژێک بۆ خەبات دژی توند و تیژی ژنان دیاری بکرێت و گرینگی پێبدرێت و وەکو ڕۆژی خەبات بۆ مافەکانی ژن یادی بکرێتەوە.

بەداخەوە دوای گفتۆگۆ و هەوڵی چەند ساڵ نەتوانرا کە ڕۆژێکی تایبەت بە دژی توندوتیژی ژنان و هەروەها ڕۆژی ژنان دیاری بکرێت، هەر بۆیە لە ساڵی١٩١٤ خۆپیشاندانێکی مەزن لە دژی شەڕ و توندوتیژی لەسەر ژنان سەرتاسەری ئەوروپای گرتەوە. ژنان توانیان لەو خۆپیشاندانە دا هێزی خۆیان بنوێنن و لە سەر ماف و داواکارییەکانیان سوور بن.

دواین خۆپیشاندانی مەزن لە جیهان کە لە دژی توندوتیژی ژنان بەڕێوەچوو لە ڕوسیا بو کە لە ڕۆژی ٨ ی مارسی ساڵی١٩١٧ لە ژێر ناوی خەبات بۆ ئاشتی و نان ساز کرا کە تێیدا حوکوومەتی ئەو کاتی روسیە دەستی لە کار کێشایەوە.

جارێکیتر و لە ساڵی ١٩٢١ "کلارا زتکین" هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا یەکێ لە کەسایەتییە سۆسیالیستەکانی ئاڵمان بو، لە کۆنفرانسی جیهانی سۆسیالیستەکان بەشداری کردەوە و دیسان ڕۆژی ٨ ی مارسی وەک ڕۆژی دژی توندوتیژی و مافی ژنان پێشنیار کرد کە وەک ڕۆژی جیهانی ژنان دیاری بکرێت، پاش گۆرینەوەی ڕاوبۆچوونی هەمە لایەنە ئەو ڕۆژە واتا ڕۆژی ٨ ی مارس وەک ڕۆژی ژنان دیاری کرا.
دواتر تەکید لە سەر ئەوە کرایەوە کە هەرکات و لە هەر شوێنێک ڕۆژی ٨ ی مارس بەڕێوەچو ڕێز لە تێکۆشانی ژنانی کۆمپانی "چنین"ی نیویۆرک بگرن و ڕۆڵیان لە پێکهێنانی ئەو بزوتنەوەیە بەرز بنرخێنن.
هەروەها یادی شۆڕشی گەورەی ژنانی کرێکار لە پترزبۆرگ بکەنەوە کە تێیدا حوکوومەتی رووسیە دەستی لە کار کێشایەوە. بەم شێوەیە ڕۆژی دژی توندوتیژی ژنان(ڕۆژی ژنان) دیاری کرا.
لەو وڵاتانەی کە ژنان تێیدا لە هەمبەر پێشێل کردنی مافەکانیان خۆپێشاندانی مەزنیان ڕێکخستووە و نارەزایەتیان نواندووە، وڵاتانی ئاڵمان، سویس، دانمارک، فەرانسە و ڕوسیە دەتوانین ئاماژە پێبکەین.

## ٨ ی مارس لە سەردەمی ئەمڕۆدا

هەنوکە ڕۆژی ٨ ی مارس ڕۆژی ژنان لە زۆربەی وڵاتانی جیهان یادی دەکرێتەوە و لە بەشێک لە وڵاتان ئەم ڕۆژە لە لایەن پیاوانەوە گرینگی زۆری پێدەدرێت و هاوشانی ژنان بۆ دابین کردنی مافەکانی خۆیان خەبات و تێکۆشان دەکەن. لەم سەردەمەدا کە بزوتنەوە فیمینیستییەکان بە هێزن و لەو وڵاتانەی دێمۆکراسی رەگ ئاژۆ بووە، ژنان توانیویانە زۆر بە دەستکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بگەن و زۆر بەربەستی کۆمەڵگەی پیاو سالار لە پێشیان نەمێنی.تا ڕادەیەک دەسەڵاتیان بە سەر بەشێک لە دەسەڵاتی سیاسی وڵاتانەوە هەیە و خۆیان لە لوتکەی پلەی بەرزی دەسەڵاتی سیاسی دا دەبینن، بەڵام لە هندێک وڵات و بەتایبەت وڵاتانی ئەفریقا و عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مافەکانی ژن ئیستاشی لە گەڵ بێت پێشێل دەکرێت و بایەخی پێنادرێت. لە بەشێک لە وڵاتانی کەنداو ژن ئەو مافەی نییە کە دەنگ بدات و لە کایەیی سیاسی وڵات بەشدار بێت. لە زۆربەی وڵاتانی ئیسلامیش کۆمەڵگە پیاو سالارە و گەریش هێندێک وڵاتی وەک ئێران بە رواڵەت دەڵێین ژن ئازادی هەیە، تەنیا بۆ چەواشەکاریە و بەداخەوە بەشێک لە ژنان خۆیان ، لەو چەواشەکاریەدا شەریکی حکوومەتە ئیسلامیەکانن.
کۆمەڵگەی پیاو سالار و بەربەستەکانی لە پێش ژن بووەتە هۆی ئەوە کە ئەم بەشە لە کۆمەڵ(کە بەنیوەی کۆمەڵ دەژمێردرێت) نەتوانن خۆیان لە گەڵ پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆ ڕێک بخەن. پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە پێکهاتنی ڕێکخراوە ئیسلامی و بونیادگەرا و ئیفراتی و توندڕەو و فەنداميتاليزمەکانیش هۆکارێکی دیکە ئەو دواکەوتنە و گرینگی نەدان بە پرسی ژنان لەو وڵاتانە بووە. بە کار هێنان و شرۆڤە کردنی ئایینی ئیسلام بە پێی ١٤٠٠ ساڵ پێش و نەگونجاندنی لەگەڵ پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، سەرەڕای ئەوەی ئەو کۆمەڵگایانەی دواکەوتوو و خورافاتی ڕاگرتوە، لەمپەریش بووە لە سەر ڕێگای بزوتنە خۆماڵییەکانی ژنان و مافەکانیان.

## کوردستان و ٨ ی مارس

ئەگەر باس لە سەر مافی ژنان لە کوردستان بکەین ئەوا دەبێت گەڵێک پرس و بابەت بوروژێنین و باسیان لە سەر بکەین. ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە بەگشتی کەلتور، دابونەریت و کەلەپور و ڕەسەنایەتی کورد هیچ کات دژی ئافرەت و مافەکانی نەبووە و نییە، کەلتوری ڕەسەنی کوردی هەمیشە بەشێکی دانەبڕاو لە خەبات لە دژی چەوساندنەوەی ژن و ژنان بووە، هەر ئەوەش وای کردووە کە دووژمنی داگیر کەر ئەو بەشە لە کەلەپوری کوردی کە لە گەڵ ڕوی ڕاسەقینەی ئەواندا ناتەبا بووە دژایەتی بکات و دایماڵێت. لە ڕاستیدا گەر لە کوردستانیش زۆرجار ستەم دژی ژنان دەبینرێت، دەبێ سەرچاوەکەی تەعەسوبی زۆر لە ئیسلامی بوونی ئەنجامدەرانی ببینین.
ئەگەر چاو لە بزوتنەوە نەتەوایەتییەکانی کورد بکەین دەبینین کە ژنان هەمیشە ڕۆڵیان تێدا گێراوە و شان بە شانی پیاوان لەو شۆڕشانەدا بەشداریان کردووە. لە لایەکی تر بە هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان، ناوچەکە جۆرە بێ ئاساییشییەکی کەلتوری و سیاسی بە خۆیەوە بینیوە و بەشێک لە کولتوری عەرب لە ڕێگای ئایینی ئیسلامەوە هاتووەتە ناوچەکە، کە بەداخەوە لە پرۆسەیەکی زەمانی دوور و درێژدا تێکەڵ بە کەلتوری کورد بووە، بۆ نمونە، کوشتنی ژن لە سەر ناموس و شەرەف و بەردباران کردنی ژنان لە ژێر ناوی پاراستنی گەورەیی بنەماڵە و لێدان و دارکاری کردن ئەو بەشەن لە کەلتوری بێگانە و داگیرکەر کە بە سەر نەتەوەی کورددا زاڵ بووە و جێکەوتووە.
پاش ئەوەش کە نەتەوەی کورد بە سەر چوار وڵاتی داگیرکەر دابەش بو و سنوری دەستکردیان بە سەردا سەپاند، ئیتر هێزی کورد لە بەرامبەر نەتەوەی باڵا دەست لاواز بو، ئەو لەت بون و دابەشکردنە بە هۆکارێکی لاوازی بنەڕەتی پێناسە دەکرێت کە کەلتوری کورد لە هەمبەر کەلتوری بێگانە نەیتوانیوە خۆڕاگر بێت.
لە سەدەکانی نۆزدە، بیست و بیستویەکەم کەلتور و داب و نەریتی نەتەوەی داگیر کەر بە یاسایی کران و ئیتر بونە بەشێکی دانەبراو لە ژیانی ئاسایی نەتەوەی کورد. لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامیش وێڕای ئەوە سەرتاپای تەبلیغ بۆ دواکەوتوویی و خورافاتە،هاوکات بە ڕونی مافی ژن پێشێل دەکرێت و گرینگیان پێنادرێت. هەروەها سەرچاوەی یاسا دانان لە ئێران و بەشێک لەو وڵاتانە بووەتە ئایینی ئیسلام ئەوەش ڕێگری دەکات لە نوێگەرایی و هەروەها دژایەتی بیری نوێی ڕۆژئاوا دەکات.


## ئەنجام و کۆی وتار

لەم قۆناغەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد کە پارت و ڕێکخراوی دیموکرات و ئازادیخواز تێدابەشدارن، مافی ژن گرینگی پێدەرێت و ڕێکخراو و سەندیکای تایبەت بە ژنان دروست کراون کە خودی ژنان لەو ڕێکخراوانەدا بڕیار دەرن، ئەوەش هیوا بەخشە کە ئەو چەوساندنەوەو ماف پێشێل کردنە کۆتایی پێبێت و کۆمەڵێکی ئازاد و بەختیار پێک بێت.
ئەو قۆناغە لە کوردستانی باشوور دەستی پێکرد، بەڵام لە گەڵ دژ کردەوەی کورتبینان و دواکەوتوانی کۆمەڵگا ڕووبەڕوو بوو کە لە لایەن ڕێکخراوە بونیادگەرا ئیسلامیەکانەوە پشتیوانیان لێدەکرێت. من پێموایە کە دەبێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەهێزتر بکرێن و دەسەڵات بە شێوەی ڕاستەوخۆ پشتیوانیان لێبکات، ئەوەش ڕێگا خۆشکەر دەبیت بۆ ئەوە کە ئەو ستەمە زوتر بڕەوێتەوە و ئیتر ژنانیش وەک پیاوان دەوری گرینگ لە کۆمەڵگا بگێرن. لە پێناو ڕەواندنەوەی ئەو کەلتورە نا حەزە و ناکوردییە ئەرکێکی گەورەو گرینگ دەکەوێتە سەر شانی تاکی ڕۆشەنبیر و ڕووناکبری کورد.
قسەی ئاخر ئەوەیە کە ڕزگاریی یەکجاری ژن لە کۆت و بەندی پیاوسالاری و چەوسانەوە، پێش هەموو کەس دەکەوێتە ئەستۆی خۆدی ژن. بۆیە دەبێ ئەوانیش هەنگاوی گرینگ و مەزن هەڵبگرن و بچنە پێشەوە و بەشداری کردن لە کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە کۆمەڵگا. تا کۆمەڵگەی ئینسانی بگاتە ئەو ئاستە ئیتر هیچ هەڵاواردن و جیاوازیرەکی رەگەزی نەمێنێ. بێگومان ئەوەش تەنیا بەتێکۆشانی گشت لایەنەی ئینسانە یەکسانیخوازەکان(چ ژن ، چ پیاو) دێتە دێ.
پیرۆز بێت ٨ی مارس، ڕۆژی ژن.

٩ی مارچی ٢٠١٣
ماڵپەڕی پێنووسەکان

# ساواک بۆچی حەسەن زیرەکی کوشت؟

کتێبی "ساواک بۆچی حەسەن زیرەکی کوشت" نووسراوەی "مەولود ئیبراهیم حەسەن" و بڵاوکراوەی بەدرخان – هەولێرە،کە تێیدا ئاماژە بە هەندێک بەڵگەی بڵاونەکراوە لەبارەی نەهێنی مەرگی "حەسەن زیرەک" لە سەردەمی رژێمی پاشایەتی پاڵەوی دەکرێت و ئەو ئەگەرە دەخرێتە روو کە؛ ساواک لە مەرگی حەسەن زیرەک دەستی باڵای بووە




جەواد حەیدەری لە دووتۆی ئەم راپۆرتە ،پێناسەیەک لەم بەرهەمە ئاراستە دەکات کە دەتوانێت گۆشەنیگاکان بۆ لای ئاراستەیەکی جیاواز بگەرێنێت.

## پیاوێکی رسق سوار

هونەرمەند حەسەن زیرەک ئەو هونەرمەندە بوو کە بەدوو وڵاتی ئێران و عیراق نەیانتوانی بەخێوی بکەن و هەتا مرد ئۆخەی لەژیان نەکردو هەمیشە خۆی پیادەو رسقی سوار بوو.
حەسەن زیرەک هەتا مردیش بەوجۆرەی دەبوایە قەدەری لێبگیرێت و رێزی لێبنرێت، رێزو قەدەری لێنەنراو بەوتەی "مەولەود ئیبراهیم حەسەن"؛ ئێستاش دوای زیاتر لەچل ساڵ لەمەرگی هەندێک کەس بەبێ رەوشت و هەندێکیتر بەجاسووس و هەندێکیش بەچاوەش و لۆتی ناوی دەهێنن.
ئایا بەڕاستی حەسەن زیرەک کەسێکی بێرەوشت بوو؟ ئایا زیرەک جاسووس بوو؟ ئایا حەسەن زیرەک چاوەش و لۆتی و شایەر بوو؟
ئایا بەڕاستی حەسەن زیرەک خۆی مرد یان ساواک کوشتی؟ باشە ساواک لەکوشتنی حەسەن زیرەک چی دەست دەکەوێت؟ ئایا ساواک لەهونەرەکەی زیرەک دەترسا یان زیرەک گوێڕاڵی ئەوان نەبووە و بۆیە ژەهرخواردیان کردووە ،و دەیان ئایای تر.
"مەولود ئیبراهیم حەسەن" لەکتێبی ساواک بۆچی حەسەن زیرەکی کۆشت؟ وەڵامی زۆربەی هەرە زۆری ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە لەبارەی حەسەن زیرەکەوە دەکرێت.

## رێزنەگرتن لە هونەرمەند

نووسەر لە پێشەکی کتێبکەی باس لەبابەتێک دەکات کە ریشەی لەمێژووی کورددا هەیە؛ ئەویش رێزنەگرتن لەزاناو بلیمەت و هونەرمەندە.
هەر ئەو شتەی کە چەند سەد ساڵ لەمەوبەر ئەحمەدی خانی باسی لێوە دەکات؛ رێزگرتن لەقەڵەمەکەی و هیوا خواستنی رۆژگارێک کە رێز لەقەڵەمەکەی بگیردرێت. بەگشتی گوێنەدان و گوێ نەگرتن لەنووسەرو هونەرمەندو زاناکان لەناو کورددا شتێکی باو بووە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەر بەردەوامە وەک چۆن نالی شاعیر زۆری وت کەس لێی تێنگەییشت، بۆیە بێدەنگی هەڵبژارد و پاشان سەری خۆی هەڵگرت هەتا لەتاراوگە و غەریبیدا سەری نایەوە.
مامۆستا حەسەن زیرەک یەکێکە لەو کەسە ناودار و بەناوبانگانەی کورد کە نەخوێندەوار بوو، بێکەس و بێدەر بوو، بەڵام بووە هۆی دەوڵەمەندبوونی هونەری گۆرانی کوردی و بەوتەی "عەبدول حەمە باقی": کوردی بەختەوەر کرد بە کورد بوونی خۆی.
بەڵام زیرەک بە پێچەوانە و بە هۆی کوردبوونی بەدبەخت بوو. حەسەن زیرەک بەڕاستی غەدری لێکراو شوێن نەبوو لێی بحەسێتەوە، تا بە شیعری "نەجمەددین مەلا" بناڵێنێت؛ جێم نییە تێدا بسرەوم خاکم بەسەر بێلانە خۆم.
بێ شوێنی و نەهامەتی بەرادەیەک لە ژیانی حەسەن زیرەکدا بەرچاوە کە تەنانەت لە سەردەمی ئەوپەری ناودەرکردن "شوکروڵلای بابان" رێگای ناو ئێستگەی پێنادات و دەڵێت: "ئێمە 1500 گۆرانی حەسەن زیرەکمان هەیە، ئیتر حەسەن زیرەکمان ناوێ"، و تەنانەت بەرێوەبەری رادیۆی تاران بەکارمەندانی پرسگە دەڵێت ئەگەر حەسەن زیرەک هات مەیکەنە ژوورە.

## منداڵی حەسەن زیرەک

سەردەمی منداڵی لێوانلێوە لە خۆشی نەهامەتی؛ لەناسکترین قۆناغی ژیانیدا باوکی دەمرێت و دایکی شوو دەکاتەوە و ئەویش ئاوارەی کووچە و کۆڵان دەبێت و لەناچارییدا لەتەمەنی هەشت نۆ ساڵی دا دەستدەکات بەکارکردن، لەکرێکاری و چاوساغی و قاوەچێتی و شاگرد کەبابچی و چایچی و توتنچی و... هتد بۆ ئەوەی لەبرسان نەمرێت و پاروە نانێک پەیدا بکات لەبۆکان و موکریان و گوندەکانی دەوروبەری شارەکانی مەهاباد و سەقز و سنە و کرماشان و تەورێز و تاران ئاوارە دەبێت، دواتر بەئۆتۆمبێل گەنجێک دەکوژێت (هەرچەند دەڵێت خەتای ئەوی تێدا نەبووە) و سەری خۆی هەڵدەگرێت و ئاوارەی عێراق دەبێت و لەرێگای پێنجوێنەوە بۆ سلێمانی و کەرکوک و هەولێر و موسڵ تا دەگاتە بەغدا و لەهۆتێل شیمالی ئەو شارە دەگیرسێتەوە و ماوەی پێنج شەش ساڵ لەرادیۆی بەغدا لەگەڵ هونەرمەندانی دەنگخۆشی کورد، مامۆستا عەلی مەردان، تایەر تۆفیق، رەسوڵ گەردی، حەسەن جەزراوی، شەماڵ سائیب، باکووری، نەسرین و شێراوان، ئاشنایەتی پەیدا دەکات و ناوبانگ دەردەکات و لەلای جەماوەر خۆشەویست دەبێت.

## میدیای زەندی دەناسێت

لەساڵی ١٩٥٨ دا لەترسی ئەوەی نەبا لەلایەن شۆڕشگێڕانی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی عیراق دەستگیربکرێت دەگەرێتەوە بۆ ئێران و ئەمجارە لەرادیۆکانی تاران و کرماشان و تەورێز و مەهاباد و سنە

دەستدەکات بەگۆرانی وتن و لەگەڵ باشترین و بەتواناترین مۆسیقارەکانی ئێران لەکورد و فارس لەوانە: (حەسەن کامکار، موجتەبا میرزادە، محەممەد عەبدولسەمەدی، ئەکبەر ئیزەدی، بەهمەن یۆلکی، پەرویز یاحەقی، حەسەن کەسایی، جەلیل شەهناز و جەهانگیر مەلەک) و چەند کەسی تر ئاشنایەتی پەیدا دەکات. هەر لەو سەروبەندەدا میدیای زەندی دەناسێت و دوای ماوەیەک دەیخوازێت و ژیانی هاوسەریی پێکدێنێت، سێ چوار ساڵێک لەکرماشان دەمێنێتەوە و هەست بەخۆشی و بەختیاری دەکات و وەک خۆی لەگۆرانییەکدا دەڵێت:

بولبول ئەو ساڵ من زۆر بەختیارم

ساحێبی مەهتاب گوڵی بەهارم

ساواک و فشار خستنەسەر حەسەن زیرەک

پاش گەڕانەوەی حەسەن زیرەک بۆ ئێران و ئیشکردن لەڕادیۆ بەتایبەتی لەشارەکانی تاران و کرماشان و تەورێز و مەهاباد و سنە، دەکەوێتە ژێر چاودێری دەزگای زانیاری و ئاسایشی ئێران (ساواک) و بەوردی هەموو هەڵسوکەوت و هاتووچۆی دەخرێتە ژێر چاودێری،بەشێوەیەک کە لەیەکێک لەڕاپۆرتەکانی دەزگای ساواک کە لەکتێبی (بزوتنەوەی چەپ لەئێران بەپێی بەڵگەکانی ساواک) بەمشێوەیە لەسەر حەسەن زیرەک نووسراوە.

بەڵگەنامەی ژمارە ٧٦٣-٣١١- د- م ڕۆژی ٣٠ ی بەفرانباری ١٩٦١ ساواک (ڕێکخراوی زانیاری و ئاسایش ئێران).

حسێن زیرەک برای حەسەن زیرەک دەڵێت: چەندجار بەحەسەن-مان وت: کاکە ئەتۆ تەنها خۆت و براژنە رابێعەی، ئارەزوو و ساکاریش لای دایکیانن، ئێمە دەتوانین زۆر چاک بەخێوتان بکەین، وەرە لێرە کاسبی بکەو ئێمەش یارمەتیت دەدەین و چاویشمان لێتدەبێت، کەسیش ناتوانێت شەڕت پێبفرۆشێت.

حەسەن زیرەکیش لەوەڵامی حسێنی برای دا پێدەکەنێ و دەڵێت: منیش ئەوەی تۆ دەیڵێی دەیزانم و زۆریشم بەلاوە چاکە، بەڵام ئێوە شتێک دەزانن و منیش زۆر شت، من بەڵاتان لێ دووردەخەمەوە.

حسێنی برای دەڵێت: بەڵای چی کاکە، ئەو بەڵای بۆ تۆ دێتە خوارەوە با ئێمەش شەریکی غەم هەڵگرتنت بین و غەمێکت بۆ بخۆین.

حەسەن زیرەک تەماشایەکی ئەملاو ئەو لای خۆی دەکات و بەدەنگی نزمەوە دەڵێت: ساواک ئەزیەتم دەدات و پێمدەڵێن: دەبێت بچیتە ئەو دیو (عیراق)، ئیش و کارمان بۆ بکەی، چەندی دەڵێم باوکم ئەمن هی ئەوجۆرە کارانە نیم و سەوادیشم نییە، ئێوە چۆن ئیستیفادە لەمن دەکەن؟ دەڵێن ئەتۆ بەماڵەوە برۆ بۆ عیراق، ئێمە پارەیەکی زۆرت دەدەینێ و خۆشمان خەڵکت بۆ دەنێرین و تۆش هەرچی زانیاریت هەیە پێمان بڵێ و ئەوانیش بۆ ئێمەی دەهێننەوە! هەڵبەت خۆشت دەزانی ئەمجۆرە شتانە بەمن ناکرێت و ئەگەر پێشم بکرێت نایکەم، با ساڵی دوو سێ جار تێم هەڵبدەن و بەهەژاریش دەژیم، بەڵام ئەو کانییەی ئاوم لێخواردووەتەوە هیچ کاتێک بەردی تێناگرم و خیانەت بەخاکەکەی عیراقیش ناکەم و لەناو خەڵکیش سەربەرز دەژیم، لەدواییدا بەپێکەنینەوە وتی: بەتەنها بەربەرەکانی دەوڵەتیش دەکەم.

## گەڕایەوە بۆ هەژاری

بەڵێ، زیرەک خیانەتی نەکردو بەهەژاری ژیا، بەڵام ساواک بەژەهر کوشتی، حەسەن زیرەکیش بەربەرەکانی دەوڵەتی کردو گیانی خۆی لەسەردانا.

"کەریم خۆشناو" یەکێک لەهاوڕێکانی حەسەن زیرەک دەڵێت: چەندین جار حەسەن زیرەک و رابیعەی خێزانی بۆیان گێڕاوەتەوە کە چۆن شەوان پیاوانی حکوومەت چوونەتە سەریان و تێروپڕیان لەحەسەن زیرەک هەڵداوە و تەنانەت شەوێکیان حەسەن زیرەک دەستدەکاتەوە و شەڕێکی باشیان لەگەڵ دەکات.

نووسەر هەر لەو کتێبەدا لەزاری کەریم خۆشناو دەگێڕێتەوە کە حەسەن زیرەک بەمیرزا کەریمی وتووە، ناوێرم دەردی خۆم بەکەس بڵێم، بەڵام هەڵبەتە شت لەتۆ ناشارمەوە، ئەگەر سەبر بگریت و پەلەم لێنەکەی تا وەختی خۆی دێت.

کەریم خۆشناو هەروەها باس لەوە دەکات کە حەسەن زیرەک بارودۆخی خۆی بەئاسایی نەزانیوەو راشیگەیاندووە: وەزعی من مەعمولی نییەو ناوێرم دەردی خۆم لای کەس باسبکەم، نایەڵن لەهیچ شوێنێک جێگام بێتەوە، هەر وەختێک ئارەزوویان بێت بەهانەیەکم بۆ دەدۆزنەوەو تێرو پڕم تێهەڵدەدەن و دەڕۆن.



## ساواک چۆن دەیکوژێت؟

حەسەن زیرەک باس لەوە دەکات کە ساواک تەنگی پێ هەڵچنیوە کە کاری سیخوری و جاسووسیان بۆ بکات و ئەو داواییەی ساواکیش لەلایەن حەسەن زیرەکەوە ڕەتدەکرێتەوە، هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ساواک پلانی سڕینەوەی حەسەن زیرەک بکێشێت، سەرەتا بەتاوانی ئەوە دەستگیر دەکرێت کە گوایە جاسووسی بۆ عیراق دەکات. ئەمە لەکاتێکدایە لەعیراقیش هەر بەو تاوانە ماوەیەک لەزیندانی کەرکوک و بەغدا دەستبەسەر دەبێت.

پاشان حەسەن زیرەک ماڵی لەهەر کوێیەک بوایە چەقۆ کێشەکانی ساواک بەبیانووی سەیر و سەمەرەوە هەڵیاندەکوتایە سەر حەسەن زیرەک و هەویرشێلیان دەکرد، کەریم خۆشناو و رابیعەی خێزانی حەسەن زیرەک چەند حاڵەتێک لەوبارەیەوە باسدەکەن.

**رابیعە خانمی** خێزانی حەسەن زیرەک باس لەوە دەکات کە حەسەن زیرەک چۆن باس لەوە دەکات کە ساواک ژەهریان داوەتێ، حەسەن زیرەک بەرابیعە دەڵێت: لەشایی بووم ژنێک قاپێکی ئاشی هێنا و وتی: ئەمە بۆ ئاغای زیرەکە، لەگەڵ ئیستیکانێک قەنداغ، زیرەک دەڵێت قەنداغەکەم خواردەووەو دوو کەوچکیشم لەئاشەکە خوارد کە چوومە ناو شاییەکە و دەستم بەگۆرانی وتن کرد سەرم لە گێژەوە هات.

حەسەن زیرەک دواتر دەگەیەندرێتە نەخۆشخانە و بەوتەی رابیعە خانم، حەسەن زیرەک پاش ئەوە نەیتوانی هەستێت و هەر ئەوەش وایکرد لەتەمەنی ٥١ ساڵیدا هەر بەو دەردە بمرێت.

رابیعە خان لەبارەی نەخۆشی زیرەکەوە دەڵێت: زیرەک هیچ نەخۆشییەکی نەبوو، هەتا ئەو ڕۆژەی کە چووە ئەو شاییە، ئێوارەکەی ئاگادار کرامەوە کە زیرەک لەنەخۆشخانەیە، کە چووم بۆ نەخۆشخانە حەسەن زیرەک ئاگای لەخۆی نەبوو، ژنێک لەنەخۆشخانەکە کە منی بینی زۆر دڵی پێم سووتا، پێی وتم لەڕێی خوا بۆت باس دەکەم حەسەن زیرەک هونەرمەندێکی گەورەو بێکەسە، با خوێنی حەسەن زیرەک ون و بزر نەبێت، زیرەک نەخۆش نییە، ساواک ژەهری داوەتێ، پزیشکەکانیش باسی ناکەن، نەخۆشییەکەی دەشارنەوە.

بەو شێوەیە حەسەن زیرەک بەتاوانی ئەوەی کە هاوکاری ساواکی نەکردو ئامادەنەبوو ببێت بەپیاوی ساواک، لەلایەن بەکرێگیراوانی ساواکەوە ژەهریان دەرخوارد داو کوشتیان.

ناوەڕۆکی کتێبەکە

ئەمانە باسوخواسەکانی ناو کتێبی "ساواک بۆچی حەسەن زیرەکی کوشت" دوا بەرهەمی "مەولود ئیبراهیم" بوو.

نووسەر لەکۆتایی کتێبەکەی، دیمانەیەکی لەگەڵ رابیعە خانمی خێزانی حەسەن زیرەک کردووە و تێیدا ئاماژە بە بیرەوەرەییەکانی خۆی لەگەڵ زیرەک و زۆر نەهێنی دیکەی حەسەن دەکرێت.

# ئەحمەدی خانی

لە ویکیپیدیا، ئینسایکڵۆپیدیای ئازاد



ئەحمەدی خانی (١٦٥١ - ١٧٠٧) شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیری گەورەی کورد بووە. ئەحمەدی خانی لە یەکەم کەسانێک دادەنن کە لەسەر کوردایەتی و نەتەوەخوازیی کوردی نووسیویەتی. بەناوبانگترین بەرهەمی کتێبی شیعری مەم و زینە کە چیرۆکێکی دڵدارانە دەگێڕێتەوە کە لە ساڵی ١٦٩٢ بە شێوەزاری کورمانجی نووسراوە.

## ژیان

ناوی ئەحمەد کوڕی ئەلیاس کوڕی ڕۆستەم بووە. لە ساڵی ١٠٦١ی کۆچیی مانگی بەرانبەر بە ١٦٥٠ یان ١٦٥١ زایینی لەدایکبووە. نازناوی شیعری لە هۆزی خانیان وەرگرتووە، بەشێکی ئەم هۆزە لە دەوروبەری ناوچەی بۆتان بوون، بەڵام بنەماڵەی شاعیر باریان کردووە بۆ شاری بایەزید. لە مەم و زینەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە خانی لە جزیرە ژیاوە. خانی یەکێک بووە لە مەلا گەورەکانی سەردەمی خۆیی و شارەزاییەکی چاکی لە فەلسفە و زانستەکانی دیکەدا هەبووە. خانی لە دێڕێک لە هۆنراوەکانیدا باسی لە دایکبوونی خۆی دەکات و دەڵێ:

لەو ڕا کو دەما ژ غەیب فەک بوو
تەئریخ هەزار و شەست و یەک بوو[١]

پەیکەری ئەحمەدی خانی لەشاری سلێمانی

وەک لە سەرچاوەکانی ژیانی و کردەوە ئەدەبییەکانی شاعیر دەردەکەوێ باب و باپیرانی لە ڕووی دارایییەوە ژیانیان ئاسان بووە و بە بەختیاری ژیاون. ئەحمەدی خانی هەموو ژیانی بۆ خوێندەواری و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و هۆشیاریی سیاسی خەرج کردووە لە کۆمەڵی کوردەواریدا. ئەمە دوو لایەنی ڕووناکی بووە، یەکەمیان بەرهەم هێنانی داهێنانی ئەدەبی، واتە شیعری، دووەمیان فێرکردن و پێگەیاندنی منداڵان و لاوی کورد لە ڕووی خوێندەوارییەوە.

شاعیر لە مەڵبەندی لە دایکبوونی، شاری بایەزید، لەساڵی ١٧٠٧ (١١١٩ی کۆچیی مانگی) کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش نێژراوە.

## کوردایەتی و زمانی کوردی

لە کتێبی دیالۆگ – ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نووسراوە: «ئەحمەدی خانی هەر لەسەرەتاوە دەیزانی کە کەلوپەلی کوردی بازاڕیان نییە، واتە ئەو کتێبانەی کە بە کوردی نووسیبوونی نەیاندەتوانی بگەنە ژمارەیەکی زۆر خوێنەر». ئەمەش بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە. لە لایەک ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئەحمەدی خانی تێدا دەژیا، بەشی هەرەزۆریان نەخوێندەوار بوو و لە لایەکی دیکەوە زمانی نووسین و خوێندنی ئەو سەردەمە زیاتر بە زمانی عەرەبی و فارسی بوو، نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بە نووسەرانی کوردیشەوە بەو زمانانە کتێبیان نووسیوە.

ئەحمەدی خانی یەکەم شاعیرە کە گلەیی لە سەرۆک هۆزەکانی کورد دەکات کە یەکناگرن و پشت بە نەیارانیان دەبەستن، دەنا دوژمنانی کورد غوڵامێتیان بۆ کورد دەکرد و دەڵێت :

گەر دێ هەبوا مە ئیتیفاقەک
ڤێگرا بکرا مە ئینقیادەک
روم و عەرەب و عەجەم تەمامی
هەمیا ژ مە تا دکر غولامی
تەکمیل دکر مە دین و دەولەت
تەحلیل دکر مە عیلم و حیکمەت

ئەحمەدی خانی، گرنگییەکی زۆری بە زمانی کوردیی داوە و کاتێک بە زمانی کوردی شیعری نووسیوەوە تەنها هەر بۆ ئەوە نەبووە کە بەو زمانە بنووسێت بەڵکو بە کوردیی نووسینی، وەکو هەڵوێسەیەک لە دژی دەستەڵادارن و زمانەکەیان بەکار هێناوە، هاوکات وەکو ڕەخنەیەکیش لە کوردەکان خۆیان، چونکە خانی پێی وابووە کە زوو خۆیان دەدەن دەست، ئاغا و دەستەڵادارە بێگانەکان. کوردەکان ئازا و دلێر بوون، شاسوار، وەفادار، جێیمتمانە بوون، بەڵام ئەوە بەدەردی چی دەخوات، کاتێک خۆیان پەرش و بڵاو بن و نەتوانن یەکبگرن تا خۆیان کەیخودای خۆیان بن؟ زمانی نووسین دەتوانێت ببێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەست بکەن کە ئەوانیش نەتەوەیەکن وەهەروەها هانی کوردانی داوە بۆ ڕوو بەڕووبوونەوە لەگەڵ داگیرکەران .

## بەرهەمەکان

عەقیدەیا ئیمانێ، بە پەخشان و هۆنراوە سەبارەت بە پێنج کۆڵەکەی ئیمان لە ئیسلامدا نووسراوە. ساڵی ٢٠٠٠ لە سوید چاپ کراوە.

نووبەهارا بچووکان، ١٦٨٣ ، فەرهەنگۆکێکی عەرەبی – کوردی کە بە شیعر، بۆ منداڵانی کوردی داناوە کە فێری زمانی عەرەبی ببن کە ئەو سەردەمە زمانی دین و زانست بووە. یەکەم جار لە ١٩٢٦ لە ڕەواندز چاپکراوە.

مەم و زین، ١٦٩٢ ، یەکەم جار لە ١٩١٩ لە ئەستەمبوڵ چاپ کراوە.

غەزەل و قەسیدە

پەراوێزەکان ١. ↑ بڕوانە کتێبی خوێندنی پۆلی پێنجی دواناوەندی

سەرچاوە
Serchawe




## MAR - APR ٢٧١٣ خاکەلێوە

| هەینی | پێنج شەممە | چوار شەممە | سێ شەممە | دوو شەممە | یەک شەممە | شەممە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ 22 | ١ 21 | | | | | |
| ٩ 29 | ٨ 28 | ٧ 27 | ٦ 26 | ٥ 25 | ٤ 24 | ٣ 23 |
| ١٦ 5 | ١٥ 4 | ١٤ 3 | ١٣ 2 | ١٢ APR 1 | ١١ 31 | ١٠ 30 |
| ٢٣ 12 | ٢٢ 11 | ٢١ 10 | ٢٠ 9 | ١٩ 8 | ١٨ 7 | ١٧ 6 |
| ٣٠ 19 | ٢٩ 18 | ٢٨ 17 | ٢٧ 16 | ٢٦ 15 | ٢٥ 14 | ٢٤ 13 |
| رەحمان نەقشی | | | | | | ٣١ 20 |


گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە. لە ئامادە و بڵاو کردنەوەی : رەحمان نەقشی


r_ neqsi@yahoo.ca


سەرچاوە Serchawe